# خوێندنەوەی دەقی شیعریی (لە دەستم دێ)ی (عەبدوڵڵا پەشێو) بەپێی تیۆری وەرگرتن و وەڵامدانەوەی خوێنەر

سەرکەوت عمر ابراهیم[1] - پەخشان علی احمد[2] - لەنجە عبدالرحمن غریب[3]

[1+3] بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2]بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

هۆنراوەی (لە دەستم دێ)ی عەبدوڵڵا پەشێو یەکێکە لە هۆنراوە جیاوازەکانی شاعیر، تێیدا سەرگوزەشتەی چوار ساڵی پەیوەندی ئەوینداری شاعیر لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەردا دەگێڕدرێتەوە. ئەو هەڵچونەی شاعیر لەهۆنراوەکەدا دەریدەبرێت هەر لەسەرەتاوە بوەتە هۆکاری هێنانەئارای دیدگاو ڕوانینی جیاواز و بەرجەستەبونیان لەناو وتار و لێکۆڵینەوە ڕەخنەییە جۆراوجۆرەکاندا، لەو ڕوانگەیەوە بەپێی میتۆدی وەرگرتن و وەڵامدانەوەی خوێنەر هەوڵماندا وە هەندێک لەو وتارانەی لەبارەی ئەم دەقەوە نوسراون شیبکەینەوەو حەقیقەتی دەقەکە و ئەو گوتارەی لە ناواخنی خۆیدا هەڵیگرتوە بخەینە بەرباس و پەیام و ئامانج و چۆنیەتی تێگەیشتن لێی بەپێی تێگەیشتن و ڕاڤەکاری خوێندنەوە ڕەخنەییەکان و ئاسۆی پێشبینیان ڕونبکەینەوە، هەندێک لەو ڕوانین و بۆچونانە دژ هەڵوێستیان لە بەرانبەر دەقەکەدا دەربڕیوەو لە ئاستی ئاسۆی چاوەڕوانی و پێشبینیاندا نەبوە، چونکە پێیانوابوە ناکرێت پەشێو لە چوارچێوەی ئەو پەیامە ئاگرین و پڕ هەڕەشەیەدا لە بەرانبەر خۆشەویستی ژندا بوەستێتەوە. لە بەرانبەریشدا گوتار و پەیامێکی دیکە لای بەشێک لە ڕەخنەگران و خوێنەرانی دەقەکە سەرهەڵدەدەن، کە خۆی لە وەرگرتن و گونجاندنی هزرییان لەگەڵ بیرۆکەی دەقەدا هەماهەنگ دەبێت و دەبێتە جێگەی ڕەزامەندییان و پێشوازیی لێدەکەن و لەو گۆشەنیگایەوە بەشێک لە ڕەخنەگران و خوێنەران چونەتە سەنگەری بەرگریکردن لە دەقەکەو خودی ئەو تۆمەتانەش ڕەتدەکەنەوە، کە شاعیری پێ تۆمەتبارکراوە.

**کلیلە وشەکان:** ڕەخنە، تیۆری وەرگرتن، دەق، خوێنەر، نوسەر.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper17

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(2).Paper17
**Received:** 12-July-2022
**Accepted:** 11-Aug-2022
**Published:** 29-June-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
sarkawt.omer@uor.edu.krd
pakhshan.ahmed@univsul.edu.iq
lanja.abdurahman@uor.edu.krd
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## پێشــــــەكی:

ئەم توێژینەوەیە لەبارەی هۆنراوەی (لە دەسـتم دێ)ی (عەبدوڵلا پەشـێو) ئەنجامدراوە. ئەم هۆنراوەیە یەكێكە لەو هۆنراوانەی بوەتە هۆی ئەوەی ئاسـۆیی پێشـبینی هەندێک خوێنەر پێچەوانە بكاتەوەو هەڵوێسـتی توند و دژ لە بەرانبەریدا وەرگرن و ئەم تۆمەتباركردنە تا ئاســـتی هێرشـــكردنە ســـەر خودی شـــاعیریش بڕوات لە بەرانبەر ڕەگەزی ژندا. لەو ڕوانگەیەی تیۆری وەرگرتن و وەڵامدانەوەی خوێنەر وەک تیۆرێكی ڕەخنەیی جەخت لەســـەر واتاپێدانی دەقی ئەدەبی دەكات و بەپێی ئاســـتی جیاوازی ڕۆشـــنبیری و ڕەگەز و تەمەنی خوێنەر و چۆنیەتی تێگەیشتنی لە ئامانج و پەیامی دەق، دەبێتە تیۆرێكی ڕەخنەیی گونجاو بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە دەق، چونكە خوێنەر دەكات بە ســـەنتەری هەڵهێنجانی واتای جیاواز و ئاســـۆی چاوەڕوانی خوێنەر دەكاتە پێوەری وەرگرتن یاخود ڕەتكردنەوەی دەق، ئەمەش دەبێتە هۆی هاتنەئارای هاوهەڵوێسـتی یان دژهەڵوێسـتی لـــــە بەرانبەر هەندێ دەقی ئەدەبیدا؛ دەرفەت بۆ توێژینەوەی ڕەخنەیی دەرەخسێنێ كۆی ئەم وەرگرتن و ڕەتكردنەوانە بخاتە بەرباس.

**سنوری توێژینەوەكە:** سنوری كاری ئەم توێژینەوە زانستییە بریتییە لە كاركردن لەسەر تێكستی شیعریی (لەدەستم دێ)ی (عەبدوڵلا پەشێو)و چۆنیەتی خستنەڕوی وەرگرتنی ئەم دەقە شیعرییە لەلایەن خوێنەرە جیاوازەكانییەوە. لە ژێر ناونیشانی: خوێندنەوەی دەقی شیعریی (لە دەستم دێ)ی (عەبدوڵلا پەشێو) بەپێی تیۆری وەرگرتن و وەڵامدانەوەی خوێنەر.

**هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەكە:** هۆی هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەكە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، كە لەم ساڵانەدا ئەم دەقە شیعرییە بەهۆی نوسینێكی ڕەخنەیی (ڕۆزا حوسێن)ەوە مشتومڕو باس و خواسی زۆری بەدوای خۆیدا هێنایە ئاراوە و ئەو پرسیارە جەوهەرییەی وروژاند ئایە ئەم دەقە شیعرییەی پەشێو پەیامی توندوتیژی دژ بە ژنی لەخۆی گرتوە یان نا؟! كە دواجار بوە هۆكار بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو توێژینەوە زانستییە.

**گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە:** گرنگی ئەم توێژینەوە زانستییە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە ڕاڤەکاری بۆ نوسین و خوێندنەوەی شەش وەرگر دەکات، کە خوێندنەوەی ڕەخنەییانەیان بۆ ئەم دەقە شیعرییە کردوە و ئامانجیش تیایدا هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی پێشوازیکردنیان لە دەقە شیعرییەکە و چۆنیەتی نواندنی کاریگەری لەسەریان و دەرخستنی گونجان و دژ وەستانەوەیان لەگەڵ دەقەکەدا.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** میتۆدی کارپێکراو لەم توێژینەوەیەدا، شـــیکردنەوەو ڕاڤەکاری ڕەخنەییە لە ژێر کاریگەری بنەماکانی تیۆری وەرگرتن و وەڵامدانەوەی خوێنەردا و خستنەڕوی ئاسۆی پێشبینی و چاوەڕوانی خوێنەرەکانە لە ڕوانگەی بۆچونە ڕەخنەییەکانی (هانس ڕۆبێرت یاوس)دا.

**بەشەکانی توێژینەوەکە:** خۆی لە پێشەکی و دو بەشدا دەبینێتەوە. لەبەشی یەکەمدا، کە ناونراوە تیۆری وەرگرتن و جەمســەرە پێکهێنەرەکانی دەقی ئەدەبی لە باســی یەکەمیدا: باســمان لە چەمک و ناســاندنی تیۆری وەرگرتن و وەڵامدانەوەی خوێنەر کردوەو لە باســی دوەمدا: لە تیۆری وەرگرتن و ئاســۆی چاوەڕوانی خوێنەر دواوین و لە باسـی سـێیەمیشـدا: باسـمان لە دەقی ئەدەبی کردوە لە نێوان پێکهێنەرە بنچینەییەکانی خودێتی (نوسـەر– دەق – خوێنەر).

بەشی دوەمی توێژینەوەکەمان ناوناوە: ئاسۆی پێشبینیی وەرگرەکان و خوێندنەوەو وەرگرتنی دەقە شیعرییەکە. لە باسی یەکەمدا: باسمان لە ئاسۆی چاوەڕوانی هەر شەش وەرگرەکە کردوە، ئاسۆی پێشبینیی و چاوەڕوانیانمان دەرخســتوەو لە باســی دوەمیشــدا: چۆنیەتی تێگەیشــتن و وەرگرتن و کاردانەوەی ئەو وەرگر و ڕەخنەگرانەمان شــیکردۆتەوە، کە خوێندنەوەیان بۆ هۆنراوەکە کردوە. لە کۆتایی توێژینەوەکەشــدا ئەنجامە بەدەســتهاتوەکان لە چەند خاڵێکدا خراونەتەڕو، دواتر پوختەی باسەکە بەزمانی ئینگلیزی ئاماژەی پێکراوە لەگەڵ لیستی ئەو سەرچاوە زانستییانەی لەم توێژینەوەیەدا سودیان لێوەرگیراوە.

**دەقی هۆنراوەی (لە دەستم دێ)ی عەبدوڵڵا پەشێو:**

لە دەستم دێ
کاتژمێری کامەرانیت بوەستێنم
لەدەستم دێ
ئەڵقەی پەنجەت پێ فڕێ دەم،
نامەی بەختت بسوتێنم!
لەدەستم دێ
هەمو شتێک ئاشکراکەم.
کام شەوت گەش و ڕوناکە،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper17

ئەو شەوە پف لە چراکەم.
لەدەستم دێ
بەدو وشە
دڵی زاوای نوستوت ڕەشکەم،
لەخۆشاوی شەوی پەردەتان بێبەش کەم
***
نامەکانت یەک یەک ماون.
دیارییە سادەکانت یەک یەک ماون.
چاویان شۆڕە،
دەست لەسەر سنگ بۆم وەستاون.
لەتاوی ئەو کارەساتەم
ئارەقەی شەرم دەتکێنن.
مۆری حەزێکی ئاگرین
بەناوچاوتەوە دەلکێنن!

- **تێبینی:** لەبەر سـنوری توێژینەوەکە و ناسـراوی دەقە شـیعرییەکە بەباشـمانزانی دەقەکە لێرە دانێین، بۆ ئەوەی لە ناوەڕۆکی توێژینەوەدا زۆر پێویست بە ئاماژەدانەوە بە کۆپلە جیاوازەکان نەکات.

## بەشی یەکەم: تیۆری وەرگرتن و جەمسەرە پێکهێنەرەکانی دەقی ئەدەبی

### باسی یەکەم: تیۆری وەرگرتن و وەڵامدانەوەی خوێنەر و چەمک و ناساندن

تیۆری وەرگرتن و وەڵامدانەوەی خوێنەر، یەکێکە لەو تیۆرە ڕەخنەییە نوێیانەی، کە لە خوێندنەوەی دەقی ئەدەبیدا لەگۆشـەنیگای تێگەیشـتنی خوێنەرەوە ڕاڤەی دەقی ئەدەبی دەکات و گرنگی بە خوێندنەوە جیاوازەکانیان دەدات "تیۆری وەرگرتن بەکارهێنانێکی مێژویی شـێوەییە کە لە تیۆری هەڵوێسـتی خوێنەر کە لەلایەن هانس ڕۆبێرت یاسـەوە و لە وتاری (مێژوی ئەدەبی وەکو بەرپەرچێک بۆ تیۆری ئەدەبی) پێشـنیارکرا. وەکو بەشـەکانی دیکەی ڕەخنەی هەڵوێسـتی خوێنەر ئەم تیۆرە سـەرنج لەسـەر وەرگرتنی خوێنەر ڕادەگرێ. بەڵام خوازیاری سـەرەکی ئەم تیۆرە لەسـەر هەڵوێسـتی تاقە خوێنەرێک نییە لە کاتێکی دیاریکراودا و، پتر پەنجە دەخاتە سـەر هەڵوێسـتە جیاوازەکان و بابەتە تەئویلی و هەڵسـەنگێنەرەکانی جەماوەری گشـتی خوێنەر لە ڕەوتێکی کاتیدا" (سەجادی، ٢٠٠٤، ١٥٨).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper17

ئەم تیۆرە لەسەر دەستی هەریەکە لە (هانز ڕۆبێت یاوس و ۆڵفکانگ ئایزەر) لە ئەڵمانیا چەسپا. ئەم دو ڕەخنەگرە لە هەوڵەکانیاندا هەوڵی چەسپاندنی گوتارێکی ڕەخنەییان دەدا، کە بایەخ بە پەیوەندیی دیالێکتیانەی نێوان دەق و خوێنەر بدات و هەوڵی دەرخستنی کاریگەریی خوێندنەوە بدات تاوەکو چۆنیەتی و چەندێتی و شێوازی وەرگرتنی دەق لەسەر خوێنەرە جیاوازەکان بخرێتەڕو. هەر لەو ڕوانگەیەوە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر لە دەقدا خۆی دەنوێنێ بەپێی پێشبینییەکانی گەلاڵە دەبن "ئەم پێشبینیانە کاتێک لەلایەن خاسیەتەکانی خودی دەقەوە بەرەنگاری دەکرێن، زۆر بەکەمی دەسەلمێنرێن، یان پوچەڵ دەکرێنەوە، یان نکۆڵییان لێدەکرێت. لەبەرئەوە ئاسۆکانی خوێنەر بەپێی تێپەڕبونی کات دەگۆڕێن و خوێنەرەکانی دواتر دەتوانن سەرەڕای دەقەکە، ئاگاداری وەڵامدانەوەی خوێنەرەکانی پێشتربن، بەمە کەلتورێکی مێژویی لە شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی ڕەخنەیی بۆ بەرهەمێکی ئەدەبی پێکدێت و لە پەرەسەندندا دەبێت" (قطوس، ٢٠١١، ٢١٨)، واتە تیۆری وەرگرتن وەک تیۆرێکی ڕەخنەیی جەخت لە هەڵوێستی خوێنەر دەکاتەوە لە پێدانی واتای هەنوکەیی بە دەق کە سیما و خەسڵەتی ئەو مانا بەخشراوە بە دەقەکە لە مانا لە پێشینەکانی جیاواز خۆی دەنوێنێ و لەوان ناچێت. لەم ڕوانگەیەشەوە ئەم تیۆرە کار لە سەر ئەو دەلالەتە جیاوازانە دەکات، کە خوێنەرە جیاوازەکان لە کات و ساتی جیاوازدا لە خوێندنەوەیاندا بە دەقەکەی دەبەخشن و، کۆی واتا و دەلالەتە جیاوازەکانیش بە کۆ واتاگەلێکی بنچینەیی ڕێگەپێدراو دەزانێ بۆ دەوڵەمەندکردنی واتای دەقەکە "چونکە هەر دەقێک جۆرە فیکرێکی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتوە، بەشێوەیەکی جیاواز لە دۆخە زانستی و لۆژیکیەکەی نمایشی دەکات و گفتوگۆی دەکات. بەمەش بەشداری لە گۆڕینی بۆچون و هەڵوێستی فیکری وەرگر دەکات" (عارف، ٢٠١٢، ٩). لەم تیۆرەدا دەق لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکدا تازە دەبێتەوەو بازنەی کاریگەرییەکانی فراوانتر دەکات، هەر بۆیە ئەم تیۆرە داهێنان بە تەنیا وابەستە ناکات بە داهێنەری دەقەوە، بەڵکو واتای داهێنان پەیوەست دەکات بەو واتایەی، کە خوێنەرە جیاوازەکان بەدەقەکەی دەبەخشن و لەو گۆشەنیگایەوە وەرگر و کارلێکەکانی خوێنەر بەتەواوکاری واتای داهێنانی دەق دەزانێت "بەو جۆرە وەرگر واتایەکی پێشکەوتو دەداتە فرمانەکانی داهێنان و خواستگەلی وەها بۆ خۆی و ئەوانی دیکە دیاریدەکات کە لە کاری داهێنان جیاناکرێتەوە، بەڵکو تەواویدەکەن و هاوکات دۆخێکی داهێنان بەواتا فراوان و قوڵەکەی دەخوڵقێنێ. ئەم دۆخی داهێنانە تەنیا دەستکردی داهێنەرەکان نییە بەتەنیا، چونکە خوێنەر و ڕەخنەگر دەبن بە بەشێکی بنچینەیی دۆخی داهێنان و بەبێ سێکوچکەی داهێنەر و بەرهەمەکەی – وەرگر و تواناکانی- ڕەخنەگر و شێواز و کەرەستەکانی کارەکەی کامڵ نابێت" (شحید، ١٩٨٢، ١٢٦). ئەم ڕۆڵ پێدانە بە وەرگر لە تەواوکردنی واتای دەقدا لە تیۆری وەرگرتندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی میتۆدە نوێکانی ڕەخنە وەرگرتن و تێگەیشتن لە دەق بە هاوتای داهێنان دادەنێن "وەرگرتن دیاردەیەکی هاوشانی دیاردەی داهێنانە و بونی گرێدراوی کارلێککردنی نێوان خود و بابەتە. بێگومان وەرگرتن تەنیا پێکگەیشتنی داهێنەر و وەرگر نییە لەڕێی بابەتی داهێنانەکەیەوە، بەڵکو دۆزینەوەیەکی نوێیە لە ناو ئەو ژیانەدا، کە داهێنەر دەریدەبڕێت" (مرعي، ١٩٨٩، ٨١) هەر بۆیە، ژیانی ڕاستەقینەی هەر دەقێک



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper17

بەنـدە بە ڕادە و جۆر و چەنـدێتی خوێنـدنەوەی ئەو دەقەوە و دەقی کـاریگەر و کراوەش ئەوەیە، بەردەوام خوێندنەوەی نوێ بهێنێتە ئاراوە "چونکە مامەڵەی خەڵکی دەگەڵ دەقدا، چ لە ئاســـتی تێگەیشـــتنی دەقەکە و چ لە ئاسـتی وەرگرتنی دەقەکە و چ لە ئاسـتی هەڵسـەنگاندن و شـیکردنەوەی دەقەکەدا، جیاوازە، بۆیە دەشـێت دەقێکی ئەدەبی چەندین دەقی ڕەخنەیی لێبکەوێتەوە، چ لە قۆناغ و ســـەردەمی خۆیدا و چ لە قۆناغ و ســـەردەمانی دواتردا، کەواتە لێرەدا ڕوبەڕوی دو دەق دەبینەوە، یەکەمیـان دەقی ئەدەبییە و دوەمیـان دەقی ڕەخنەییە" (عـارف، ٢٠١٢، ١٦). کاتێکیش دەق دەبێتە ئەو جۆرە دەقەی ئاسـۆکانی چاوەڕوانی و پێشبینی وەرگر بخاتە بازنەی سـەرسوڕمان و بابەت و بیرۆکەی خۆی بەجۆرێک دەرببڕێت، کە جێی پێشـبینی و چاوەڕوانی خوێنەر و وەرگرنەبێت و لەسـەر ئاستی دەربڕینی زمانی و گەیاندنی پەیامدا گوتارێکی جیاوازتر نیشانبدات، ئەوا خوێندنەوەو وەرگرتنی جیاوازیش دێنێتە ئاراوەو بۆ تێگەیشـتن لێی پێویسـتە کۆد و دەلالەتەکانی دەق بکەینەوە "بۆ ڕزگاربون لەم تاک ڕەهەندییەی دەق، پێویسـتە نامە گوتراوەکانی دەق دیاریبکەین، ئاسـۆکانی چاوەڕوانی بە وێنەکانی کارێکی ئەدەبی ئەخولقێت و بۆ دەســـــکەوتنی وەڵامەکانی وەرگر، نـاچـارین پەنـا بۆ دەلالەتەکانی دەق بەرینەوە، پـاشــــــان هەوڵی چۆنیەتی کەشـفکردنی ئاسـتەکانی تاماشـاکردنی دەق و تێگەیشـتن لە دەق بدەین" (محمد، ٢٠٠٠، ٢٣٢). ئەم تیۆرە ڕۆڵێکی پاسـیڤ بەخوێنەر دەبەخشـێت تا ئاسـتی گەیاندنی بە ڕۆڵی دانەری دەق، چونکە زیندوێتی دەق و گەیاندنی واتا لە تێڕوانینی نوسەرەوە بەرجەستە ناکات، بە ئەمەش ئاڵوگۆڕێکی ڕەهەندیی و بنچینەیی لە ستراتیژییەتی واتای دەقدا دێنێتە ئاراوە، چونکە دەســەڵاتی واتا بەخشـین بە دەق لە نوســەر دەســەنێتەوەو دەیدات بە خوێنەرە جیاوازەکان هەروەک ئەوەی یاوس خستویەتیەڕو.

## باسی دوەم: ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر و ماناو دەلالەتە شاراوەکانی دەق

گرنگیـدان بە خوێنەرو بە چەقکردنی خوێنەر لە تیۆری وەرگرتن و وەڵامـدانەوەی خوێنەردا بوەتە فـاکتەری هێنانە ئارای چەمکی ئاسۆی پێشبینی (خوێنەر-وەرگر) بەتایبەتی ئەو خوێنەرانەی وەک خوێنەرێکی نائاسایی دەق دەخوێننەوەو پەی بەنهێنییەکانی ناوەوەی دەقی ئەدەبی دەبەن و توانای تێگەیشتنیان لە دەقدا لە خوێنەری ئاسایی جیـاوازترە، ئەمەش دەرئەنجـامی ئەوەیە، کە دەق ڕوبەڕوی خوێنەری جۆراوجۆر دەبێتەوەو هەریەکێکیش لەم خوێنەرانە ئاســتی باگگراوندی ڕۆشــنبیری و تەمەن و ڕەگەزیان لەیەکتر جیاوازن ئەمەش ئاســتی تێگەیشــتنیان بەرانبەر ئیستاتیکای دەق دەگۆڕێت و ڕەنگە هاوڕایی لەبەرانبەر دەقدا بێتە ئاراوەو لەوانەشە دژ بە پەیامی دەق و مەبەستەکانی بوەستنەوە "چونکە ئەو وەرگرەی لەگەڵ دەقدا دەکەوێتە کارلێکردنەوە ئەوەیە کە لە دەق دەکۆڵێتەوە، هێماکانی شــیدەکاتەوە، جومگەگیرییە بنچینەییەکان و تێڕوانینە گشــتییەکانی دەســتنیشــاندەکات و ئاســۆ لە خۆگرتوەکانی دەدۆزێتەوە. واتە وەرگرێکی داهێنەرە" (حەلاوە، ٢٠٠٤، ٨٢). لەبنەڕەتدا ئەم لێکەوتەی تێگەیشـتنە لە هەر دەقێکی ئەدەبیدا بە واتای قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوە دەوەستێتە سەر جیاوازی لە پەیام و ئێستاتیکای خودی دەقی نوســەر بە بەراورد بە دەقەکانی دیکەی پێشــوتری یان لەســەر کۆی دەقە شــیعرییەکانی دیکەی بەتایبەتی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper17

ئەگەر دەقێک خاوەنی ئامانج و پەیامێکی جیاوازتر بێت لە نێو کۆی دەقەکانی دیکەدا "کاری ئەدەبیش بە ڕای یاوس خاڵی نییە لە کۆمەڵێک ئاماژەو نیشـانە و تایبەتمەندی، کە هەندێک بیرۆکە بەیادی وەرگر دێنێتەوە لەبارەی ئەو جۆرە ئەدەبییەی وەری دەگرێت. لەوانەشـە ئەو کارە ئەدەبییە نوێیە کار لەسـەر ئەوە بکات پێچەوانەی پێشـبینییەکانی خوێنەر بێت، یان بە پێچەوانەوە" (خەلیل، ٢٠١٧، ١٨٩)، ئەمەش لە تیۆری وەرگرتندا لای (یاوس) بە ئاسـۆی چاوەڕوانی یان ئاسـۆی پێشـبینی ناودەبرێت "ئاسـۆی چاوەڕوانی، یان ئاسـۆی پیشـبینی، مەبەسـت لەو پێوەرانەیە، کە خوێنەر بەکاریاندەهێنێت بۆ خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی، کاتێک کە بابەتێک دەخوێنێتەوە بەپێی ئەو دید و پێوەرانە مامەڵەیـان لەگەڵ دەکات، کە لە لای ئەو جێگیربون. واتە هەمو خوێنەرێک کۆمەڵێک پێوەری لا چەسـپیون بون بە ئاسـۆیەک لەلای، کە دەقێک دەخوێنێتەوە چاوەڕوانی ئەوە دەکات لەگەڵ ئاسـۆی چاوەڕوانی دەقەکەدا بگونجێت" (بەرزنجی، ٢٠١٤، ١١). ئەمەش پەیوەندی بە ئەزمون و باگگراوندی مەعریفی خوێنەرەکانەوە هەیە، لەبەرئەوەی لەدایکبونی دەقێکی لەم جۆرە واتای خراپی دەقەکە ناگەیەنێت لەڕوی داهێنانەوە، بەڵکو ئەمە ئاسـتی تێگەیشـتنی خوێنەرەکانە وا دەکات هەندێکیان دژ بەو دەقە هەڵوێسـت وەربگرن و تەنانەت ڕەخنەی توندیشـی ئاراسـتە بکەن "ئەزمون و باگراوندی مەعریفی ڕۆشـنبیری خوێنەر لای یاوس بە ئاسـۆی چاوەڕوانی خوێنەر ناودەبرێت، کە خوێنەر بەم ئاسۆیە ڕوبەڕوی ئاسۆی چاوەڕوانی دەقی شیعری دەبێتەوە، ئەم دو ئاسۆی چاوەڕوانییە کارلێک دەکەن و لە ئەنجامی ئەم ئاوێتە بونەش تێگەیشـتن و نائومێدی و گۆڕان ڕودەدات، بەجۆرێک گونجانی ئاسـۆی چاوەڕوانییەکان تێگەیشـتنی لێ دەکەوێتەوە، نەگونجانی ئاسـۆی چاوەڕوانی دەق لەگەڵ ئاسـۆی چاوەڕوانی خوێنەر پرسـیار و گفتوگۆ دروسـت دەکات یان خوێنەر نامۆ و نائومێد دەکات یانیش ئاسـۆی چاوەڕوانی خوێنەرەکە دەگۆڕێت" (مەلازادە، ٢٠٢١، ٢٧١). هەندێ جار ئەم هەڵوێسـت وەرگرتنە لە ژێر کاریگەری هەڵکشـانی ئاسـتی مەعریفی خوێنەردا گۆڕانی بەسـەرداد‌ێت و ڕەنگە ئەم گۆڕانکارییە بگاتە ئاسـتی پاشگەزبونەوە لە بڕیارە دۆگماکانی هەندێک خوێنەر بەتایبەتی، ئەگەر ئاسـتی ڕۆشـنبیری خوێنەر بەرەو هەڵکشـانی زیاتر بڕوات لە تێگەیشتن لە بونیاتی هونەری شاراوەی دەق و بە پێچەوانەشەوە دەشێ سوربونی خوێنەری لەسەر تێگەیشتن لەو دەقە لێبکەوێتەوەو ئەمەش دەبێتە سـەرچاوەی سـەرهەڵدانی لێکدانەوەی جیاجیا لە بەرانبەر دەق و هاتنەوە بەرباسـی ئەو دەقەی لێ دێتەئاراوە لە قۆناغە جیاوازەکاندا، یاوس دەڵێت: "ئەگەرچی دەق هیچ چەشـنە مانایەکی بابەتیانەی نییە، بەڵام کۆیەکی جۆراوجۆر لەو تایبەتمەندییانەی بەشـێوەیەکی بابەتیانە وەسـف ئەکرێن ئەگرێتەوە. هەڵوێستی خوێنەرێکی تایبەت کە بۆ ئەو خوێنەرە مانا و چۆنایەتیە جوانیناسـانەکانی پێکئەهێنێ وەکو بەرهەمێکی پاڵەکی (ئاسـۆی چاوەڕوانی) خودی خوێنەر دائەنرێ و هەروەهاش بەئاکامی ئەو پەسـندکردن و ڕەتکردن یان سـەرلەنوێ فۆرمەلەکردنەوەی ئەم چاوەڕوانیانەش دێتە ئەژمار کاتێ لەلایەن تایبەتمەندییەکانی خودی دەقەکەوە بەرپەرچیان ئەدرێتەوە. لەبەرئەوەش کە چاوەڕوانییە جوانیناسـانە و زمانیناسـەکانی خوێنەر لە درێژایی زەماندا ئەگۆڕدرێن و، دیسانەوە لەبەرئەوەش کە ڕەخنەگر و خوێنەرانی دوایی ئەتوانن ڕێگە بەرنە ناو نەک هەر دەقەکەوە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper17

بەڵکو ئەو هەڵوێستە بڵاوکراوانەی خوێنەرەکانیشەوە" (سەجادی،٢٠٠٤، ١٥٨- ١٥٩). ئەم دەقانەی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر و پێشبینیەکانیان تێکدەشکێنن وەک دەقێکی جیاواز لە نێو دەقی نوسەردا دەردەکەون و شکاندنی بەربەستی پێشبینیش دەبێتە هۆی وەرگرتنی هەڵوێستی خوێنەر لە بەرانبەر دەقدا، جا دەشێ ئەم هەڵوێست وەرگرتنە ببێتە هۆی هاتنە ئارای دەقی ڕەخنەیی دژ بەو دەقە، ئەمەش لەمەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەم جۆرە خوێنەرە بەپێی ئەو پێوەرە چەسپاوانەی بۆ شیعری شاعیرێک هەیەتی ڕووبەڕوی شیعرێک دەبێتەوە، کە هەرگیز لە ئاستی ئاسۆی چاوەڕوانی ئەودا نابێت، چونکە لە بنەڕەتدا "دەق میانگرێکە لە نێوان ئاسۆی ئێمە و ئەو ئاسۆیەی دەینوێنێت، لە ڕێگەی بەناویەکداچونی ئەم دو ئاسۆیەشەوە توانای پێشبینیکردنی هەندێک دەلالەت و واتای لە داهاتوی دەقەکەدا پەرەدەسێنێت. بەڵام ئەم پێشبینییە بەواتای ئەوە نایەت ئەو واتایانەی ئێمە پێیان دەگەین، لەگەڵ ئەو واتایانەدا وەک یەکن، کە پێشینەکان وتویانن. ئەمەش پێیدەوترێت شکاندنی بەربەستی پێشبینیی، ئەم شکاندنی بەربەستی پێشبینییەش لە تێڕوانینی ئیستاتیکای وەرگرتندا ئەوە دەگەیەنێت خوێندنەوەی بەرهەمهێن شتێکی نوێ دەخاتە سەر دەقەکە" (خەلیل، ٢٠١٧، ١٨٧). دواجار ئەم خوێندنەوە یەک لەدوای یەکانە دەبنەوە بە کەرەستەی کاری توێژینەوەی ڕەخنەیی بەپێی تیۆری وەرگرتن و وەڵامدانەوەی خوێنەر.

## باسی سێیەم: دەق لە نێوان خودێتی (نوسەر- دەق - خوێنەر)دا

پێکهاتەی داهێنانی ئەدەبی پێویستی بەپێکهێنەرە سەرەکیەکانییەتی بۆ ئەوەی وەکو یەکەیەکی تەواوکاری خۆی بنوێنیت بە نەبونی هەر یەکێکیش لە پێکهاتە سەرەکییەکانی ئەدەب داهێنان و واتای داهێنانی ئەدەبی لەناودەچێت "لەبەرئەوەی کاری داهێنەرانە ئەوەندە ئاوێتە و ئاڵۆزە، ئاسان نییە بیگەڕێنینەوە بۆ داهێنەر، یان خودی دەق، یان تەنها بیگەڕێنینەوە بۆ خوێنەر. داهێنانی ڕاستەقینە لەسەر (دانەر/ داهێنەر) و (دەقی داهێنراو) و (خوێنەری زانا/ داهێنەری دوەم) ڕاوەستاوە. پێویستە ئەم سێ جەمسەرە، یاخود ئەم سێ دەسەڵاتە لە ئارادابن بۆ ئەوەی بگەینە بازنەی داهێنان" (قطوس، ٢٠١١، ٢٣٨). دەقی ئەدەبیش وەکو هەر داهێنانێکی دیکە بکەر و داهێنەری تایبەت بەخۆی هەیە، کە خودی نوسەر و شاعیرە. بۆیە لە داهێنانی دەقی ئەدەبیدا نوسەر وەک داهێنەر دەبێتە یەکەمین پێکهێنەری داهێنانی دەقی ئەدەبی، بەو واتایەی کە نوسەر دەق بەرهەمدەهێنێ و لەو ڕوانگەیەشەوە دەبێتە خاوەن خوێنەری تایبەت بەو دەقە "دەتوانین بڵێین، کە نوسەر جۆرێکە لە داهێنەر و کەسایەتییەکی تایبەت بەخۆی هەیە و دەقیش مەیدانی دەرکەوتەی کەسایەتی نوسەرە" (مەلازادە، ٢٠٢١، ١١٠). هەر لەو ڕوانگەیەوە، کە نوسەر هەڵگری سیماو خەسڵەتی تایبەت بەخۆیەتی کۆمەڵێک خاسیەت لە خۆیدا بەرجەستە دەکات، کە دواجار دەبن بە کۆد و شێوازی نوسەر لە دەربڕین و گوزارشتکردن لە بابەت و بیرۆکەی داهێنانە ئەدەبییەکانی. تێگەیشتن لەم کۆد و مانا و گوزارشتانە پێویستی بە خوێنەرێکی جیاوازتر هەیە لە خوێنەری ئاسایی هەروەک ئەوەی ستانلی فیش بە خوێنەرێکی زانای ناو دەبات. خوێنەری زاناش خوێنەرێکە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper17

بەدوای ئەو ڕەمز و هێما پەرش و بڵاو گوتراو و گوتارە شـــاراوانەدا دەگەڕێت کە خوێنەری ئاســـایی درکیان پێناکات و لە قوڵایی دەقدا حەشاردراون.

دوەم بنەما و پێکهاتەی ســـەرەکی لە داهێنانی ئەدەبیدا بریتییە لە دەقی ئەدەبی، کە وەک داهێنانی ئەدەبی نوســـەر خۆی وێنا دەکات. وەک ڕونیشـە هەمو دەقێک لە بنەڕەتدا بە ئامانجی گەیاندنی مەبەست و پەیامی تایبەت بەرهەم دەهێنرێت "هەڵبەتە دەق بۆ خۆی یەکەیەکی یەکپارچەیی هونەرییە، لە ئەنجامی کارلێک و ئاوێتەبون و یەکانگیری تێکرای ڕەگەزەکـانییەوە هونەرییەت وەردەگرێـت" (عـارف، ٢٠١٢، ١٠) ئەم هونەری بونەی دەقی ئەدەبیش دەوەسـتێتە سـەر توانای نوسـەر لە داهێنانی دەقدا، کە تا چەند جۆرە دەقێک دەخاتە بەر دەسـتی خوێنەر، کە لە وەرگرتنیدا بۆچونی جیاواز لەیەکتر بهێنێتە ئاراوە "توانایی دەق بۆ بەدیهێنانی ماناگەلی جۆراوجۆر و هەمەچەشن، لە ڕێگەی وەرسـورانی زماننـاسـانەی دەقەوە دەسـتەبەردەکرێ کە لە هەناوی زەمینە و بەسـتێنی خوێندنەوە، واتە مێژو و کەسـی خوێنەردا بونی هەیە" (وێبسـتێر، ٢٠٠٦، ٥٢). داهێنانی دەقیش لە بنەڕەتدا وابەسـتە دەبێت بە چەند ڕەهەندێکی جیاوازی کۆمەڵایەتی و ســـایکۆلۆژی و نەتەوەیی و جارێکی دیکە دارشـــتنەوەی ئەم ڕەهەندانەیە لە فۆرمی ئەدەبی و هونەریدا، واتا پێبەخشـــینێکی جیاوازتر دێنێتە ئاراوەو لە ڕێگەی ئەم واتا نوێیانەی بە دەقی دەبەخشـێت خوێنەر وەدەنگ دەهێنێ "داهێنانی شـیعریی پرۆسـەی سـازدان و تێکدانەوەی بەردەوامی چییەتی و چۆنییەتی شـێواز و ماناکانە. شـیعر دەپرسـێ تا بە وەڵام بگا و وەڵام دەداتەوە تا پرسـارێکی تری بەرهەمبهێنێ. شاعیر بە بێدەنگی دەنوسێ تا جیهان وەدەنگ بێنێ، لە ڕێگای پۆلێک پیت و خاڵ و نیشانەو وێنەوە داوی دوان بۆ دونیا دەنێتەوە" (یەعقوبی، ٢٠٠٨: ١٢٨). هەندێ دەقی ئەدەبی، کە دەگەنە ئاســـتی پێوەرەکانی باڵابون لەڕوی بەکارهێنانی زمان و تەکنیکی نوسین و بونیاتی هونەرییەوە وا دەکات ببێت بە کەرەستە و بابەتی لێدوان و لەگەڵ هەمو ڕاڤەکارییەکیش بەرگێکی تازە بەبەردابکاتەوە، بۆیە ئەو دەقانە بەردەوام لەلایەن وەرگر و خوێنەرەکانەوە دێنەوە بەرباس و خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ دەکرێت، چونکە گوتاری جیاوازیان لە هەناوی خۆیاندا هەڵگرتوە "بەباوەڕی ڕوڵان بارت دەقی ئەدەبی کۆمەڵێک تۆڕی مانایین کە لە گوتاری جۆراوجۆر و فرەچەشـــن پێکهاتون، واتە دەقی ئەدەبی خاوەن پێکهاتەی فرەتوێژن. ئەم فرەتوێژییە ناشـــێ بۆ یەک مانای تاقانە و دیاریکراو و نەگۆڕ کورت یان پوخت بکرێنەوە. خوێندنەوەیەکی تایبەت لەوانەیە تەنها لایەنێکی دەق لەخۆبگرێ و هەر ئەو لایەنە بە مانای سـەرەکیی دەق لەقەڵەم بدات، بەڵام بە باوەڕی بارت بنەڕەتترین تـــایبەتمەندی هـــەر دەقێک سـروشـتی فرەلایەنێتی ئـەو دەقـەیـە. دەق خەسڵەتی کورت نەبونەوەی هەیە و هەڵگری خوێندنەوەی پەیتاپەیتا و ڕاڤەی سەر لە نوێیە" (وێبیستێر، ٢٠٠٦، ٥١).

سـێیەمین پێکهاتەی سـەرەکی لە پرۆسـەی پێکهاتنی واتای سـەرەکی داهێنانی ئەدەبیدا بریتییە لە خوێنەری دەق وەک جەمسەری سێیەم لە هاوکێشەکەدا بونی خۆی دەسەلمێنێ و سێگۆشەی واتای ئەدەب تەواو دەکات، چونکە وەک چۆن دەق خاوەن پەیام و گۆشەنیگای تایبەتمەند بەخۆیەتی بەهەمان شێوە هەر خوێنەرێکیش خاوەن هەندێ



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper17

چەمکی مەعریفی و زانستی و ئەدەبی تایبەت بەخۆیەتی کە بەپێی ئاستی تەمەن و ڕەگەز و ئایدیۆلۆژیا و دابونەریت و ئەو گوتارەی دەق هەڵیگرتوە دەگۆڕێت. "لەوانەیە ئەو توانا ئەدەبییەی کە خوێنەر لە ناخی خۆیدا هەڵیگرتوە یارمەتی بدا، بۆ ئەوەی بتوانێ ئەدەبییەتی بەرهەمێک دەستنیشان بکا، ئەگەر مەسەلەکە وابێ، کەوایە بەرهەمێکی ئەدەبی لەوانەیە زیاتر لەوەی بونناسانەبێ کارکردییە و، بون و بەهای لەسەر دەستی خوێنەران دەستنیشان دەکرێ نەک بەرهەمی ئەدەبی خۆی" (برێسلێر، ٢٠٠٢، ٣٥)، چونکە خوێنەر بەپێی ئاستی تێگەیشتنی مەعریفی خۆی هەوڵی کردنەوەی ئەم هێما و کۆدانە دەدات، کە لە ناواخنی دەقدا بونیان هەیە و دواجاریش ئەم هێما و کۆدانە هێزێکی موگناتیسی هەیە لە ڕاکێشانی خوێنەر بەرەو تێگەیشتن لە بونیاتی هونەری دەق و تێگەیشتن لە دەلالەت و کردنەوەی ئەو کۆدانە "ئەم بۆچونە بەرەو ئەوە دەچێت کە کاری ئەدەبی دەلالەتێکی ئامادە، یان واتایەکی نەگۆڕ و کۆتاهاتوی نییە، بەڵکو توانای لەخۆگرتنی چەندین دەلالەت و واتای هەمەچەشنی هەیە، ئەمەش بەپێی ڕۆشنبیری خوێنەر و توانای دیالۆگ و دانوستانیەتی لەگەڵ دەقدا، بەمەش دەق لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکی نوێدا واتا و دەلالەتی نوێ بەدەستدەهێنێت. نەمری بەرهەمی ئەدەبی لەوەدایە لە هەر ساتێکی نوێدا چەند واتایەک بخاتە بەردەم هەمان خوێنەر" (قطوس، ٢٠١١، ٢٣٩).

## بەشی دوەم: ئاسۆی پێشبینیی وەرگرەکان و خوێندنەوەو وەرگرتنی دەقە شیعرییەکە

### باسی یەکەم: ئاسۆی چاوەڕوانی و پێشبینیی وەرگرەکان.

لەم توێژینەوەیەدا لە گۆشەنیگای تیۆری وەرگرتن و ئاسۆی چاوەڕانی خوێنەرەوە چۆنیەتی وەرگرتنی دەقەکەمان لە وتاری شەش لەو وەرگرانە بەپێی مێژوی نوسین و بڵاوکردنەوەیان وەرگرتوە، کە بریتین لە هەریەکە لە:

١. (تارق ساڵح) بە وتاری (چەپکێک دەماری تورەی پەشێو لە هۆنراوەیەکیدا)، ساڵی ٢٠١١.
٢. (ڕۆزە حوسێن) بە وتاری (نامەیەکی کراوە بۆ شاعیری ڕێزدار عەبدوڵا پەشێو سەبارەت بە شیعری "لە دەستم دێ")، ساڵی ٢٠١٥.
٣. (رفعت حمد احمد) بە وتاری (ئایە پەشێو لە دەستی دێ توندوتیژی دژی ئافرەت بکات؟)، ساڵی ٢٠١٦.
٤. (ئەنوەر عەباسی) بە وتاری (ئەو شیعرانەی خۆشم دەوێن)، ساڵی ٢٠١٦.
٥. (ڕەسوڵی سوڵتانی) بە وتاری (پەشێو، شاعیرێکی دژە ژن، یان ڕوناکبیرێکی یەکسانیخواز؟)، ساڵی ٢٠١٧.
٦. (ئاشتی برایم ئەفەندی) بە وتاری (ژن و خۆشەویستی، "کام شەوت گەش و ڕوناکە، ئەو شەوی پف لە چراکەم")، ساڵی ٢٠١٩.

لێرەدا ئاسۆی چاوەڕوانی هەریەکێک لەم نوسەرانە سەبارەت بە هۆنراوەکەی پەشێو دەخەینەڕو، دواتر خۆشمان وەکو توێژەر ئاسۆی چاوەروانی و چونییەتی وەرگرتنی دەقەکە ڕوندەکەینەوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper17

١. ئاسۆی چاوەڕوانی (تارق ساڵح): یەکێک لەو نوسەرانەی لەبارەی ستاتیکای ئەم تێکستە شیعرییەی پەشێوی نوسیوە (تاریق ساڵحە)، ئەم نوسەرە لە وتارێکدا بەناوی (چەپکێک دەماری تورەی پەشێو لە هۆنراوەیەکیدا) هەوڵیداوە وەک خوێنەرێک، کە لە دەلالەتی واتای وشە شاراوەکانی دەقە شیعرییەکە بدوێ لە ڕوانگەیەکی سۆسیۆلۆژیانەوە دەقەکەی ڕاڤەکردوەو لەو بارودۆخە سۆسیۆلۆژی و سوننەتییە پیاو سالارییەی کۆمەڵگەی کوردی دواوە، کە زۆرجار خۆشەویستی دەکەن بە قوربانی و دەبن بە سەرچاوەو هۆکاری لێکترازان و بەیەک نەگەیشتنی ئەڤیندارەکان و بەوردی لە بارەی ئەو ئەتمۆسفیرە ناکامە دواوە، کە سەرچاوەو بنچینەی لە دایکبونی خودی تێکستەکەیە و وەک وەرگر و ڕاڤەکارێکی تێکستەکە پەیامی تێکستەکە بە حاڵەتێکی شیعریی ئاسایی دەزانێت، سەرەڕای ئەوەش وێنەی هونەری تێکستەکە وەک خوڵقاندنی هەر تێکستێکی شیعریی لەڕوی داهێنانی ستاتیکیی و هونەرییەوە بەرز دەنرخێنێ ئاکامی تێکستە شیعرییەکەش دەکاتەوە بەڵگەی هەستی مرۆڤ دۆستانەی پەشێوی شاعیر. بەم پێیە بێت تێگەیشتنی ئەم وەرگرە وەک ڕاڤەکارێک هەم لە پەیامی تێکستەکە و هەم لە خوڵقاندنی وێنەکان ئاسۆی پێشبینی ئەویان هەڵنەگێڕاوەتەوە، بەڵکو چاوەڕوانی ئەو بۆ وەها تێکستێکی شیعریی نامۆ نییە و نابێتە جێگەی سەرسوڕمان و کاردانەوەکەشی وەک لە خوێندنەوەی تێکستەکەدا دەردەکەوێت کارانەوەیەکی ئاسایی و بەجێیە، چونکە بەپێی لێکدانەوەی ئەو بونی خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە و پاک لە هەزاران بەڵگەی سیحراویش کاریگەرترە بۆ ئەوەی کەسی ئەڤیندار بەگشتی و خودی پەشێویش وا وابەستەی نۆرمێکی هیۆمانیستی بکات، کە لەبەرامبەر دولبەرەکەیدا دەستە وەستانی بکات و واز لە هزر و بیری تۆڵەسەندنەوە بهێنێت و بچوکترین کاری نامرۆڤانەی بەرامبەر نەنوێنی. "پەشێو وەک شاعیرێک لە هەمانکات وەک عاشقێکی دەرون هەڵقرچاوی سوتا و ئەوەتا لە پاڵ ئەم هەمو ڕق و وشە تۆڵە ئامێزانە وشەی (گیانە) بەرامبەر بەخۆشەویستەکەی بەکاردەهێنێ و لە هەمانکاتدا هێمای سەرسوڕمانی بۆ بەکارهێناوە! ئەمەیە سەرسوڕمانی ئاشقانی ئێمە کە خۆشەویستی بە پلەیەک زاڵە هەرچەندە بۆ یەکتریش نەبین، بەڵام خۆشەویستییەکە بەیەکجاری لە دڵ و سینەمان نامرێ لەگەڵ هەرچرکەساتێکی حەزین و خەمۆکی ئاهێک و تەزویەک بە دەرونمان دێت و دەچێ مەلی ڕق و تورەبونمان دەکوژێ و بۆ چەند ساتێک دەچینەوە نێو هەوارو ژوانی دڵداری جارانمان و قەت ناتوانین وەک کەسێکی تۆڵەسێن بیربکەینەوە هەرچەند بەڵگەمان پێ بێ هەزاران بەڵگەی ڕون و ئاشکرا" (تاریق ساڵح، ٢٠١١، ٢٤٩).

٢. ئاسۆی چاوەڕوانی (ڕۆزە حوسێن): ئەم وەرگرە ڕەخنەگرە لە وتارەکەیدا بەناونیشانی (نامەیەکی کراوە بۆ شاعیری ڕێزدار عەبدوڵا پەشێو سەبارەت بە شیعری "لە دەستم دێ"). دژ و پێچەوانەی ئەو ئاسۆی چاوەڕوانییەیە، کە لە ناو پەیامی هۆنراوەکەدا بونی هەیە. ئەو ئاسۆ هەڵگەڕانەوەیەی وەرگر بۆ ئەم دەقە لەوە سەرچاوە دەگرێت، کە پەشێو نابێت وەک تاکێکی کۆمەڵگەی پاتریارکی و تراديشیۆناڵی کوردیی بیربکاتەوەو هەمان زهنییەتی هەبێت، ئەو زهنییەت و بیرکردنەوەیەی، کە لە کۆمەڵگەی پیاوسالاریدا فەزیڵەت بە پیاو



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper17

دەبەخشـێت و گەورەترو بە تواناتر لە ڕەگەزی مێ نیشـانیدەدات، لە ئەگەری لێکترازان و بۆ یەکنەبون بەتایبەتی ئەگەر تێکئالاوی پەیوەندی ڕوحی و بەریەکەوتنی جەسـتەییان هەبوبێت، ئیتر دەبێتە چەکی دەسـتی پیاو و لە دەستی دێت هەمو شتێک بەرانبەر بە ژن ئەنجامبدات، هەر بۆیە چاوەڕوانی ئەو لە پەشێو هۆنینەوەو شانازیکردن بەدەقێک نییە، کە هەڵگری ئەو زهنییەتە بێت، کە پاتریارکییەت لە عەقڵی تاکەکانی کۆمەڵگەدا بۆ پیاو دەیرەخسێنێت تا مننەتی پێوە بکات بەسـەر ژنداو بڵێت لە دەسـتم دێت بەهۆی بونی بەڵگەکانەوە هەمو شـتێکت دەربارە بکەم، بەڵام ئەوە خۆمم نایکەم و لە چاکی خۆمەوە نەک لەبەر خۆشـەویسـتی تۆ "بەڵێ من دەزانم کە لە کۆمەڵگای پاتریارکیی و ترادیشـیۆناڵی کوردییدا بەو شـێوەیەیە کە ئەگەر کچ و کوڕێک پەیوەندیی خۆشـەویسـتیی و تێکەڵبونێکی ڕۆحییان لەنێواندا بو، یان ئەگەر ڕۆژێک لە ڕوی فیزیاوییشەوە تێکەڵبون، ئیتر کۆمەڵگا ئەو نهێنییە بە کارتێکی بەهێز دەبینێت بە دەسـتی کوڕەکەوە؛ بەڵام من چاوەڕوانیم لە تۆ هەیە کە بزانیت ئەو پایە بەهێزەی کە کوڕەکە لە هاوکێشـەیەکی وادا هەیەتی، ئاکامی فەزیڵەتێکی فیعلیی و شـەخسـیی کوڕەکە خۆی نییە تا بهێنێت شانازیی پێوەبکات و خۆی پێوەبابدات. نا، ئەوەی ئەو پایە بەهێزە دەداتە دەست کوڕەکە گەورەیی ڕۆحی کوڕەکە نییە تا بە هۆیەوە بتوانێت دڵگەورەیی بەسـەر کچەکەدا بفرۆشـێت و بڵێت کە «لە دەسـتی دێت ئەڵقەی پەنجەی پێفرێ دات» بەڵام خۆی لەبەر خۆشـەویسـتیی و لەبەر دڵگەورەیی خۆی نایکات. بەکورتیی، ئەوە دواکەوتویی و زاڵیی زیهنییەتی پـاتریـارکییە لە کۆمەڵگـاکەدا کە ئەو ئیمتیـازە بۆ کوڕان دابین دەکـات. دواکەوتویی کۆمەڵگـای کوردیی و پاتریارکییەتیش شـتێکە کە من پێموایە تۆ لەدوایین کەسـانێک بیت پێی خەنی بیت و ڕێگە بە خۆت بدەیت شـانازیی بە بەهاکانییەوە بکەیت و خۆت بەو ئیمتیازاتانەوە با بدەیت کە عەقڵی دواکەوتوانەی کۆمەڵگا وەک پیاوێک بۆت دەڕەخسێنێت" (حوسێن، ٢٠١٥، ١).

هەر بۆیە لە وتاری وەرگردا ئەوە دەبینرێت، کە چاوەڕوانی لە پەشـێوی شـاعیر ئەوەیە، لە بازنەی ئەو شـاعیر و نوسەر و پیاوە ئایینییانە بێتە دەرەوە، کە لە ڕێگەی تۆڵەسەندنەوەو هەڕەشەکردن لە ژن برەو بە بەهای نائینسانی دەدەن و چاوەڕوانی ئەوەی لێی هەیە، شـاعیر خۆی ئەمەی پێقبوڵ نەبێت، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان هۆکاری برەودان بوە بەو جۆرە بەها نائینسانیانە و لێشی پاشگەز نەبونەتەوە، بۆیە پێی دەڵێت: "من پێم ناخۆشە تۆ یەکێک بیت لەو شـاعیرانەی کە دەچنە پشـت ئەو جۆرە لە بەهای نائینسـانیی، و چاوەڕوانییم هەیە تۆ خۆشـت پێت قبوڵ نەبیت لە ئێسـتا یان لە داهاتودا وەک شـاعیرێک باس بکرێیت کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو بەهایەت وەک بەهای خۆت پیشـان داوە و لەپاشـوەختیشـدا لێی پاشـگەز نەبویتەتەوە." (حوسـێن، ٢٠١٥، ١) لە وتاری نوسـەردا دەردەکەوێت، کە ئەو پەشـێو وەک شـاعیرێک بە مرۆڤێکی گەورە دەبینێت و بە شـایانی ئەوەی نازانێت وەک لایەنگرێک یان بانگەشـە کارێک بۆ بەهاکانی کۆمەڵگەی پاتریارکی وەسـفبکرێت، هەر بۆیە یەکێک لە گوزارشـتەکانی دەربڕینی هۆنراوەکە پێچەوانە دەکاتەوەو پێیوایە ئەوەی لە ئێستادا خاڵی لاوازی کەسی بەرانبەری لە لایە و لە دەستی دێت (لە شەوی گەش و ڕوناکی ئەودا، فو لە چرا کات) ئەوە ئەوانن (ژنان)ن، نەک پەشـێوی شـاعیر. لەو ڕوانگەیەوە چاوەڕوانی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper17

ڕاگەیاندنی پەشیمانی لە پەشێو و قەدەغەکردنی هۆنراوەکە دەکات مەگەر تەنها بە غەرەزی توێژینەوە لە ئەرشیفی بەرهەمی شاعیرانی کورددا بهێڵرێتەوە.

وەک دەردەکەوێت (ڕۆزە حوسـێن) یەکێکە لەو ژنانەی لە بواری چالاکی ژناندا کار دەکات و وەک فیمینیسـتێک لە سەنگەری بەرگریکردندایە بەرانبەر بە دۆزی ژنان، هەر بۆیە بونی ئەو هۆنراوەیە و وەها پەیامێک لەسەر زاری شـاعیرێکی دیاری وەک پەشـێو لە ئاسـت ئاسـۆی چاوەڕوانی و پێشـبینی ئەودا نەبوەو، بە تێڕوانینی ئەو پەیامی هۆنراوەکە لەگەڵ ئاستی مرۆڤدۆستی و هەستی شاعیرێکی وەکو پەشێو یەکانگیر نابێتەوە، ئەمەش ئەو بنەمایەی تیۆری وەرگرتن دەسـەلمێنێ، کە وەرگرتنی دەق لەلایەن خوێنەرەکانەوە بەپێی ئاسـتی تێگەیشـتن و ڕۆشـنبیری و تەمەن و ڕەگەزی خوێنەر دەگۆڕێت "ئەو چیرۆکەی دەکرێت دەربارەی بەرهەمێکی دیاریکراو بگوترێت پەیوەندی بەو شـتەوە هەیە کە تیۆریدارێژان ناویان ناوە "ئاسـۆی چاوەڕوانییەکان" ڕاڤەی بەرهەمێک بەگوێرەی وەڵامی ئەو بەرهەمەیە بۆ ئەو پرسیارانەی کە ئەم ئاسۆی چاوەڕوانییە دەیهێنێتە ئاراوە، ... زنجیرەیەک هۆ بۆیان هەیە لەسەر ئاسـۆی چاوەڕوانیی خوێنەران کاریگەربن. لە ڕەخنەی فێمینیسـتیدا ئەم مژارە لە گۆڕێدایە چ جیاوازییەک دێتە پێشـێ، چ جیاوازییەک دەبێت بێتە پێش، ئەگەر خوێنەر ژن بێت؟!" (کالر، ٢٠٢١، ١١٨). هەر ئەمەش وایکردوە لە سـونگەی بەرگریکردن لە دۆزی ژن و هەسـتکردن بەوەی پەیامی دەقەکە پەیامی تۆڵەسـەندنەوەیە چەندین جار هیوا بخوازێت، کە پەشێو لەو هۆنراوەیە پەشیمان ببێتەوەو ڕێگری بکات لە بڵاوبونەوەی زیاتر و خۆی ئیتر ڕێگە نەدات چیتر بکرێت بە گۆرانی و هەڵبەسـت. لەلایەکی دیکەوە لە خوێندنەوەی وتارەکە بەوردی هەسـت بەوە دەکرێت، کە جۆرێک لە خەمخۆری نوسـەر بەرانبەر شـاعیر دەبینرێت ئەویش لەو ڕوانگەیەوە، کە پەشـێو بە مرۆڤێکی میهرەبان دەبینێت و ناکرێت بانگەشـە بۆ وەها زهنییەتێک بکات بەرانبەر بەژن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا وەرگر بە هیچ جۆرێک ئاماژەی بە کۆتایی هۆنراوەکە نەکردوە، کە پەشـێو ئەم توڕەبون و هەڵچون و ڕۆحی تۆڵەسـەندنەوەیە دەخاتە بەردەمی نەهەنگی خۆشـەویسـتی تا خوێنی هەڵچوی بخواتەوەو قینی ڕەشـداگەڕاوی ناخیشی بە ڕوباری خۆشەویستی بشواتەوە.

٣. ئاسۆی چاوەڕوانی (رفعت حمد احمد) بە وتاری (ئایە پەشێو لە دەستی دێ توندوتیژی دژی ئافرەت بکات؟)

ئەم وەرگرە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ ئەم هۆنراوەیەی پەشێو کردوە ویستویەتی ئەوە بسەلمێنێت، ئایە پەشێو لە دەسـتی دێ توندوتیژی دژی ئافرەت بکات؟ بە خوێندنەوەی کۆی وتارە ڕەخنەیەکەی ئەوە دەردەکەوێت وەکو وەرگرێکی بێلایەن دەیەوێت خوێندنەوە بۆ هۆنراوەکە بکات و ئاماژە بەوە دەکات، کە چەند وتارێک لە بارەی ئەم هۆنراوەیەوە نوسـراون هەندێکیان دژ بە گوتاری هۆنراوەکە وەسـتاونەتەوەو هەندێکیش لەوانەی شـیعری پەشـێویان تا ئەندازەی پیرۆزیی لا گەورەیە و لە هەمان کاتدا خۆشـەویسـتی خودی عەبدوڵڵا پەشـێویش بۆ هۆنراوەکە دەخاتەڕو، کە هەرگیز ئامادەی دەسـتبەرداربونی نییە و لەم بارەیەوە دەڵێت: "شـیعرێک کە لە تەمەنی من گەورەترە، شـاعیرەکەش ئەوەندە گەورەیە کە دەکرێت لە دوای مردنی شـێرکۆ بێکەس بە شـێخی شـاعیرە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper17

زیندوەکان دابنرێت، زۆر جار ئەو شیعرەی (لە دەستم دێ)م خوێندۆتەوە کۆمەڵێک تێڕوانینی جیایان بۆ دروست کردوم، کە هانیان داوم قسەی لەسەر بکەم، بەڵام ڕەنگە کۆمەڵێک هۆکاری خودی و بابەتی بوبنە بەربەست لە قسەکردن لەسەر ئەو شیعرە. ناوە ناوە قسەو باسی لەسەر دروست بوە. ئەوەی ڕەخنەی جدییە لەم شیعرە بریتییە لە (سوکایەتی و بێ ڕێزی بە ئافرەت). یەکێک دەڵێ نەدەبو هەمو ئەو نهێنیانە ئاشکرا بکات کە لەگەڵ ئەو کچە هەیبوە، یەکێکی دی دەڵێ ئەو شیعرە لێوان لێوە لە توندوتیژی بەرانبەر ئافرەت، تەنانەت چالاکوانێک داوا لە پەشێو دەکا کە ئەم شیعرە لە ناو دیوانەکەی فڕێداتە دەرەوە! یەکێکی دی دەڵێ ئەم شیعرە ئافرەت وەک جەستە و سێکس دەبینێت. ڕەنگە ڕەخنەی دیکەش گیرابێت، لە بەرانبەردا ئەوانەی وەک دەروێش لە عەشقی شیعرەکانی پەشێون وەک ئایەت سەیری ئەو شیعرە دەکەن و بە شاکارێکی گەورەی ئەدەبی دەزانن، شاعیر خۆشی سەرەڕای تێبینیی لەسەر شیعرەکەی ئەو هەر بە کۆرپەیەکی خۆی دەزانێت و هەرگیز نایەوێ لە خۆی جیای بکاتەوەو لە ماڵی دیوانەکانی بیکاتە دەرەوە" (احمد، ٢٠١٦، ١). ئەم وەرگرە ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەو دەیەوێت خوێندنەوەیەک بۆ دەقەکە بکات، کە هەر کەس لە ڕوانگەی خۆیەوە بیری لێبکاتەوەو هەڵیبسەنگێنێت تا بزانێت ئایا بۆچونەکانی پێکاویەتی یان نا؟ خۆشی ئاماژەی بەوە داوە ئەو دەیەوێت بەبێ لایەنی دەقەکە بخوێنێتەوە بەپێی ئەو ئەزمونەی لەگەڵ شیعردا هەیەتی. باس لەو دەسەڵاتە دەکات، کە کۆمەڵگە دەیدات بە ڕەگەزی نێر لە بەرانبەر ڕەگەزی مێدا و پەشێویش دەیەوێت بە خۆشەویستەکەی بڵێت و دڵنیای بکاتەوە، کە ئەویش وەک هەر پیاوێک ئەو دەسەڵاتەی هەیە، چونکە کۆمەڵێک بەڵگەی لە دەستە (ئەو بەڵگانەی شاعیر لە هۆنراوەکەیدا باسیان دەکات)، بەڵام پەشێو دەزانێت خستنەڕوی ئەو بەڵگانە ژیانی خۆشەویستەکەی دەخاتە مەترسییەوە، ئەو بەڵگانە بە ئاشکرا بونیان کۆمەڵگە لە بەرانبەر کچان بە ئابڕوچون ئەژماریان دەکەن و سەر ئەنجامی خراپ و شوم توشی کچان دەکەنەوە (جیابونەوە و ئازاردان هەتا دەگاتە کوشتن و خۆسوتاندنی کچەکە) "پەشێو دەزانێت ئەو شتانەی باسیان دەکات نەنگی و عەیبەیە لە سەر ئافرەت بەتایبەتی لەو ساتە وەختەی شیعرەکەی تێدا نوسراوە ساڵی (١٩٧٠)یە وەک دیاریەکان، نامەکان، پێکەوە دەرچون، دەست لێدان و بەریەک کەوتنی جەستە، ئینجا ئەوانەی کە نامەبەر بوینە وەک گەواهیدەر. و تا پەشێو پێیوایە کە ئەو بەڵگانە ئەگەر ئاشکرابن ئەوا کچەکە دەخاتە مەترسییەوە، بۆیە پەشێو کەمێک نەرمی دەنوێنێت بەرەو ساردبونەوە دەچێت کاتێک ئەو – لە دەستم دێ- یەی خۆی دەخاتە ژێر پرسیارەوەو "ئەگەر"ی دەخاتە پێش و دەیکات بە – گەر بمەوێ-" ( احمد، ٢٠١٦، ١).

٤. ئاسۆی چاوەڕوانی (ئەنوەر عەباسی): ئەنوەر عەباسی، یەکێکی دیکەیە لەو وەرگر و ڕەخنەگرانەی لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (ئەو شیعرانەی خۆشم دەوێن) لەبارەی ئەم هۆنراوەیەی عەبدوڵڵا پەشێو باس لەوە دەکات، کە لە ئێستادا ئەو هۆنراوەیە لای ئەو خۆشەویستە و یەکێکە لەو هۆنراوانەی خۆشیدەوێ. لە سەرەتای وتارە ڕەخنەییەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات سەرەتا دژ بەو شیعرە وەستاوەتەوەو هەڵوێستی لە دژی نواندوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە ئاسۆی چاوەڕوانی و پێشبینی ئەوی پێچەوانە کردۆتەوەو پەیامی هۆنراوەکە لە سەرەتادا لەگەڵ



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper17

ئاسۆی چاوەڕوانی ئەودا نەگونجاو بوە، بەڵام دوای خوێندنەوەی چەند جارەی هۆنراوەکە لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا، ئینجا لە پەیامی هۆنراوەکە تێدەگات و دەگاتە ئەو بڕوایەی ئەم شیعرە پەیامی دژ بە ژن لە خۆیدا هەڵناگرێت، بەڵکو ئەوە ململانێی دەرونی شاعیرە لە نێوان تۆڵەسەندنەوەو لێبوردندا بەرانبەر بە ژن دەردەکەوێت و لەم بارەیەوە دەڵێت: "ئەمجارەیان هەڵبژاردنی شیعرێک کە خۆشمدەوێ ئاسان نەبو. لەبەرئەوەی ئەم شاعیرە کە ئەمڕۆ دەبێ شیعرێکی هەڵبژێرم، زۆر شیعری هەن بۆ من خۆشەویستن. بۆیە هاتم و یەکێک لەو شیعرانەیم هەڵبژارد کە ماوەیەک وەکو کڵێشەیەک لە مێشکمدا مابوەوە، کڵێشەیەک لە شیعر کە خۆشم ناوێ و تەنانەت ئەو سەردەمەی کە هێندەک لاوتر بوم، هەڵوێستیشم بەرانبەری نواندوە. هاتم دیسانەوە ئەو شیعرەم خوێندەوە و دیتم ئەمجارە چەندە ئەو شیعرەم خۆشدەوێ. وەکو هاوڕێیەتی، ئەو هاوڕێیانەی لە دوای شەڕ و کێشمەکێش دەبنە هاوڕێمان، زۆربەی جار دەبنە خۆشەویستترین هاوڕێ. ئەم شیعرەی "پەشێو" بۆ من ئاوایە. باسی شیعری" لە دەستم دێ" دەکەم" (عەباسی، ٢٠١٦، ١).

٥. ئاسۆی چاوەڕوانی (ڕەسوڵ سوڵتانی): (سوڵتانی) یەکێکی دیکەیە لەو شاعیر و وەرگر و ڕەخنەگرانەی، کە پەیامی هۆنراوەکە لە ئاستی ئاسۆی چاوەڕوانی ئەودا بوەو ئاسۆی چاوەڕوانی و پێشبینی ئەوی هەڵنەگەڕاندۆتەوە، بە تێگەیشتنی ئەو لە پەیام و دەلالەتە ئیستاتیکیەکەی هۆنراوەکە دەردەکەوێت، کە هۆنراوەکە لە ئاست ئاسۆی چاوەڕوانی ئەودایە و بگرە لەوەش زیاتر بڕوای وایە، کە ئەم هۆنراوەیە شایستەی ستایشکردن پیاهەڵدانیشە نەوەک دژایەتیکردنی، هەربۆیە سەبارەت بە چۆنیەتی ڕوانین لە شاعیر و بیر و هزری پەشێوی شاعیر بەرانبەر بە ژن و چۆنیەتی و ئەندازەی تێڕوانینی پەشێو لە ژن و دەربازبون لە بیر و هزری عەشیرەت و بازنەی بیرکردنەوە لە ناو خێڵ ئەم ڕەخنەگرە دەچێتە خانەی بەرگریکردن لە پەشێو و ئەم بەرگریکردنەش لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی تەواوە لە پەیامی هۆنراوەکە "وا چەند ساڵێکە هەر جار و لە گۆشەیەکەوە واتەوات و هاتەران و پارتەرانێکمان گوێ لێ دەبێ و، پەلامارێکی ناڕەوا بۆ سەر ئەم شیعرە دەست پێدەکات و شیعر و شاعیرەکەشی بە دژە ژن و پیاوسالار تۆمەتبار دەکرێت. ئەو هەرا و هۆسەیەی ناویانەتەوەو بە ناوی ڕەخنەی فێمێنیستی و بەبێ وردبونەوە لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی دەق هاتون و فتوایەکی موتڵەقیان دەرکردوە، نەک پشتی بە هیچ تیۆرییەکی ئەدەبی و مەعریفەیەک قایم نییە، بگرە بەرهەمی جۆرێک کاردانەوەی هەرزەکارانەیە بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی پتەوی کردبێتە دەسکەلای قسەکانی. کاردانەوەی ڕەوتێک، کە لەبری ئەوەی پیاوانی ڕوناکبیر و یەکسانیخواز لەگەڵ خۆی هاودەنگ بکات و لەو سەنگەرەشدا بەدوای داشدیار و پشتیواندا بگەڕێ، مخابن پێناسەی خۆی لە دژایەتیکردنی پیاوان وەردەگرێ و پێیوایە چەندی دژە پیاو بێت، ئەوەندە لە ئامانجەکانی نزیک بوەتەوە. ئەگەر بمانەوێ بەپێی دەقەکانی پەشێوی شاعیر، لە ڕوانگەی ئەو شاعیرە ورد بینەوە و بزانین ئینسان بە گشتی و ئافرەت بە تایبەتی لە ڕوانگەی پەشێوەوە چ پێگەیەکیان هەیە و لە نێوان پیاو و ژندا تای تەرازوەکەی پەشێوی بەکام لادا دەشکێتەوە، بە دڵنیاییەوە زۆر بەڵگەمان دەستدەکەون، کە پەشێو جگە لەوەی مرۆڤێکی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper17

یەکسانیخوازە و بڕوای بە یەکسانی هەیە، بگرە زۆر جار تای تەرازووەکەی بەلای ژناندا شکاندوەتەوە" (سوڵتانی، ٢٠١٧، ١).

هەربۆیە دەبینین ئەم ڕەخنەگرە ئاسـۆی چاوەڕوانی خۆی وا دەردەخات، کە چاوەڕوانی ئەوەی لە خوێنەران و ڕەخنەگرانی ئەم هۆنراوەیە ئەوە بوە لە بری پەلاماردان و هێرشکردنە سەر شاعیر دەبو سەرسام بن و سەری ڕێز و نەوازش لە بەرانبەر پەشێودا دانەوێنن، چونکە دواجار ئەوەی لە نێوانی تورەیی و خۆشەویستیدا لە دڵی پەشێو سەردەکەوێت خۆشەویستییە نەک ڕوحیەتی تۆڵەسەندنەوەو وەستاندنی کاتژمێری کامەرانی خۆشەویستەکەی و دەڵێت: "هەربۆیە ئەو ڕەخنەگرانە ئەگەر جوان لێی ورد بوبانەوە، دەبوایە لەبری ڕەخنەگرتن، بێن و سەرسام بن و سەری کرنۆش لە هەمبەر پەشێودا دانەوێنن کە چەندە پێملی ئەشق و خۆشەویستییە و تەنانەت مالاوایی خۆشەویستەکەشی نەک ئەوی نەگەڕاندوەتەوە بۆ دەمارگرژیی عەشیرەت، بگرە عەشقەکەشی لێ کاڵنەکردوەتەوەو ئەوەی دواجار بڕیاری کۆتایی بەپەشێو داوە، هەر ئەشق بوە." (سوڵتانی، ٢٠١٧، ٢).

٦. ئاسۆی چاوەڕوانی (ئاشتی برایم ئەفەندی): ئاشتی برایم ئەفەندی لە وتارێکیدا بەناوی (ژن و خۆشەویستی، "کام شەوت گەش و ڕوناکە، ئەو شەوی پف لە چراکەم") وەکو وەرگر و ڕەخنەگرێک لە ڕەگەزی مێ خوێندنەوەیەکی ورد لە بارەی واتا و دەلالەتەکانی ئەم هۆنراوەیە دەخاتەڕو، لە خوێندنەوەکەیدا بەڕونی دەردەکەوێت، کە ئەم هۆنراوەیە لە ئاستی ئاسـۆی چاوەڕوانی ئەودایە و پەیام و دەلالەتە وتراوەکانی جێگەی ڕەزامەندی ئەون وەکو خوێنەرێکی ژن. وایدەبینێت، کە پەشێو لە گەیاندنی هەستەکانیدا ڕاستگۆبوە لە دەربڕینی ڕاستییەکان و هۆنراوەکەی کردۆتە ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵگای کوردی و گوزارشتکردن لە کەلتورە پێشکەوتوەکان و دواکەوتوەکان. لەم بارەیەوە خوێنەرێک لە ڕەگەزی مێ نەک هەر ئاسۆی پێشبینیی دژ و پێچەوانە ناکەوێتەوە بەرانبەر هۆنراوەکە، بەڵکو بونی دەربڕین و گوزارشتی شیعریی لەمجۆرە بە پێویستی دەزانێت و لەم بارەیەوە دەڵێت: "خاڵی بەهێزی شیعر لەوەداییە کە شاعیر ڕاستگۆبێت لەگەڵ هەستەکانی، پەنجە بۆ ڕاستییەکان درێژ بکات، تاڵی، سوێری و شیرینی ژیان بەدەربخات، دەبێت ئاوێنەیەک بێت بۆ ڕەنگدانەوەی واقیع، ئازارەکان، غەمەکان، خۆشییەکان، کەلتورە پێشکەوتوەکان و دواکەوتوەکان، کە دەبنە هۆی نەهامەتی بۆ ژیانی تاکەکان، بەربەست دروست دەکەن لە دەربڕینی ڕاستی هەستەکانیان و بە پراکتیزکردنیان بۆ ژیانی تایبەت. نوسەردەبێت توانا و هێزی ئەوەی هەبێت کە زامەکانی خۆی پێناسە بکات، بە شێوەیەک کە کۆسپ و تەگەرەکانی هاتۆتە ڕێگا، بون بەرێگر لە ئازادکردنی بۆ دەربڕینی جۆری هەستەکانی بە کاملی سەربەستی، کە پەیوەستە بە هەست و دەرون لە هەڵبژاردن بۆ پەیوەندییە مرۆییەکاندا، ئەمە لە شیعرەکەی "لە دەستم دێت" بە ڕونی دیارە" (ئەفەندی، ٢٠١٩، ١)

لە دوای خستنەڕوی ئاسۆی چاوەڕوانی هەر شەش وەرگرەکە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، چوار لەوانە هەڵوێستی دژ و پێچەوانەیان بەرانبەر هۆنراوەکە نەنواندوەو چاوەڕوانی وەها دەقێکیان لەلایەن پەشێوەوە وەک هەر دەقێکی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper17

دیكەی شاعیرە هەر یەكەیان لە گۆشەنیگا و تێڕوانینی خۆیەوە بەپێی ئاستی تێگەیشتن لە دەقە دەقەی وەرگرتوەو سەرنج و لێدوانی خۆی بەرانبەر دەربڕیوە، تەنها (ڕۆزە حوسێن) ئاسۆی چاوەڕوانیەكەی لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی دەقەكە یەكانگیر نابێتەوەو هەڵوێستی توندیشی بەرانبەر بە دەقە و خودی پەشێویش نواندوە. (ئەنوەر عەباسی)ش ئەوە دەخاتەڕو، كە ماوەیەك ئەم هۆنراوەیە وەك كلێشەیەك لە بیر و هزری ئەودا جێگیر بوە و پێشبینیی ئەوەی نەكردوە، كە عەبدوڵلا پەشێوی شاعیر هۆنراوەیەكی لەم جۆرە بەرانبەر بە خۆشەویستە لە دەستچوەكەی بهۆنێتەوە، بەڵام دواتر دوای تێگەیشتنێكی نوێ لە پەیامی هۆنراوەكە ئەم پێشبینیی و ئاسۆی چاوەڕوانیەی دەگۆڕێت، هەربۆیە هۆنراوەكە دەخاتەوە لیستی ئەو شیعرانەی خۆشی دەوێن.

ئەگەر چاوێك بە كۆبەرهەمەكانی شیعری پەشێودا بخشێنین چەندین هۆنراوە دەبینین، كە بۆ ژن و بۆ خۆشەویستی ژنی هۆنیوەتەوەو بە ئاشكرا هەست بەوە دەكرێت شاعیر لە ناخەوە چەند ڕێز لەژن دەگرێت و هەستی مرۆڤدۆستانەی بەرانبەر بەژن لە چ ئاستێكدایە، چونكە سەراپای ئەو شیعرانەی بۆ ژنی هۆنیوەتەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەن، كە پڕن لە هەستی خۆشەویستی شاعیر بۆ ژن، لە كاتێكدا پەشێو ناوكی ژن بە چەقی گەردون بزانێت، یان لە شیعری بەراورددا ڕوی خۆشەویستەكەی وەك ئایەت ببینێ و نەرم نەرم تا بەیانی بیانخوێنێتەوەو لە شیعری بەرگری لە دوعادا هاوار بەرێتە بەر پێغەمبەران و داوای هاتنە خوارەوەی عیسا بكات و گلەیی لە موسا بكات، كە بۆچی گۆچانەكەی ناكات بە مار تاوەكو سیحری فیرعەونەكان لەباربەرێت و لە كۆتاییشدا لە بری جارێك سێجار خۆی بەشەرمەزار بزانێت، ئیتر چۆن دەتوانین تۆمەتی دژایەتیكردنی ژنی بدەینەپاڵ. هەر بۆیە ئەم هۆنراوەیەش وەك هەر هۆنراوەیەكی دیكەی نێو دیوانەكەی جیاوازییەكی ئەوتۆ تیادا نابینرێت، ئەگەرچی هەستی تورەبون و هەڵچونی شاعیری تێدا دەبینرێت، بەڵام دەربڕین و گوزارشتكردن لە بابەت و بیرۆكەی شیعرەكە سنوری زمان نابەزێنێت و زمانی شیعرەكە زمانێكی زبر نییە، بەو واتایەی شاعیر هەڵچون و تورە بون و ڕوحیەتی تۆڵەسەندنەوەش بەزمانێكی نەرم دەردەبڕێت، جگە لەوەی لە كۆتاییدا خۆشەویستی و چەكی خۆشەویستی كۆتایی بە هەمو ئەو تورەبون و هەڵچونە دەهێنێت، كە شاعیر لە سەرەتادا دەریاندەبڕێت.

## باسی دوەم: چۆنییەتی تێگەیشتن و وەرگرتنی هۆنراوەكە و كاردانەوەی وەرگرەكان

١. بەخوێندنەوەی وتارەكەی (تارق سالح) بە ناونیشانی (چەپكێك دەماری تورەی پەشێو لە هۆنراوەیەكیدا) تێگەیشتن لەو وتارەی نوسەر تێدەگەین، كە ئەم نوسەرە تێگەیشتنی بۆ دەقە تێگەیشتنێكی ڕادیكاڵانەیە و بە ئەندازەیەكی باش لە پەیام و كۆد و مەبەستە ئیستاتیكییەكانی هۆنراوەكە گەیشتوەو ڕاڤەیەكی باشی بۆ كۆمەڵگەی كوردی كردوەو ئەوەی خستۆتەڕو، كە ڕۆژی بەیەك گەیشتنی دڵدارەكان لە دەسەڵات و بڕیاری خۆیاندا نییە و ئەوە كۆمەڵگەی باوكسالارییە دواجار بڕیار لە چارەنوسی ئەویندارەكان دەدات. ئەم وەرگرە لە ڕاڤەكردنی دەقەدا هەمو ئەو تورەییەی پەشێو تەنها لە بەرانبەر وشەیەكدا بە چۆكدا دێنێ و لای وایە پەشێو بە بەكارهێنانی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper17

گوزارشتی (بەڵام چییبکەم) تێکڕایی توڕەبون و هەڵچونەکەی لەباربردوە، هۆکاری ئەوەش بۆ زاڵبونی خۆشەویستی دەزانێت بەســـەر ڕق و هەڵچون و توڕەبوندا، کە دواجار دەبێتە بەربەســـت لەبەردەم درکانی بەڵگە و دیکۆمێنەتە ســـادەکان و کوژاندنەوەی گڕ و ئاگری تۆڵەســـەندنەوە. ئەمەش بە خاڵی مەبەســـت دەبینیێ، کە خوێنەر و وەرگر بەدوایدا دەگەڕێن "ئەوەتا خاڵی مەبەســـــت ئەو مەبەســــتەی ئێمە و خوێنەرانیش بەدوایدا دەگەڕیێن، کە ئەویش سـەرەداوی ئەو حەز و خۆشـەویسـتییەیە کە هەرگیز لە دڵ و سـینەی ئێمە نامرێ ئەمەش لە پای ئەوەی ئێمە کە خۆشــەویســتیی دەکەین و ســـەرەتا و کۆتاییەکەی بەدەســت خۆمان نییە هەتا دەمرین هەر پێیەوە دەناڵێنین و دەتلێینەوە، هەرچەند وشـــەی ئاگراوی و پڕ لە ڕق و تۆڵەشـــی لە بەرانبەردا بەیان بکەین، بەڵام هیچی نادرکێنین (بەڵام چیبکەم) زاڵبونی جارێکی تری عیشقە بەسەر هەمو شتێک. ئەمەش لە پای ئەوەی تەنها دڵ و سینەمان پاک بێتەوەو کەسێکی مرۆڤ دۆستین و نامانەوێ کەس بە ئاهەکانمان بسوتێ. نەک تەنها بەڵگەی چوار ساڵ پێکەوە بون بەڵکو دەیان دیکۆمێنت و بەڵگەی تری ئەفســـوناوی ناتوانێ ئەم خۆشــــەویســـتییەم بکوژێ، لەبەرئەوەی: خۆشـــەویســـتیت نەهەنگێکە خوێنی هەڵچوم دەخواتەوە" (ســـاڵح، ٢٠١١، ٢٤٩). تەنانەت دەربڕینی ئەو وشـــەو دەســـتەواژانەی بە ڕقەوە دەربڕاون بە دەربڕینی پڕ لە بەرائەت دەبینێت "پەشـــێو وەک ڕێژیســـۆرێک هێندە بە ســـادەیی و پڕ بەرائەتەوە وشـــەکانی درکاندوە، وەک دەرهێنەرێکی کارامە کاری کردوە، بەجۆرێک ناخی خۆی لە هەمو ڕقێک خاڵی کردۆتەوە. " (ساڵح، ٢٠١١، ٢٤٨)، چونکە نەک تەنها بەڵگەی ئاشکراو ڕونی چوار ساڵەی پێکەوە بون و جێژوان و جێی ماچەکان، ئەگەر هەزاران بەڵگەی تەمەنێکی دور و درێژتری پێکەوەبونیش هەبێت، هێشـــتا بارتەقای ئەو خۆشـــەویســـتییەت نییە، کە بۆ تۆم هەیە. خواردنەوەی خوێنی هەڵچو خۆی لەخۆیدا دامرکاندنەوەی کەف و کوڵی ڕقێکی ئەســـتورە ســـەرباری ئەوەی ئەو خۆشـــەویســـتییە بۆت دەبێ بە ڕوبارێک و قینی ڕەشـــم دەشواتەوە.

٢. (ڕۆزە حوسێن) لە وتارەکەیدا بە ناونیشانی (نامەیەکی کراوە بۆ شاعیری ڕێزدار عەبدوڵا پەشێو سەبارەت بە دەقی "لە دەستم دێ")، دەستپێکی وتارەکەی بەم گوزارشتە دەستپێدەکات و دەڵێت: (ئێستاش لە دەستی تۆدایە شـــیعرێکی چاوشـــۆڕی خۆت لە دەســـتی ئێمە وەرگریتەوە)، ئەمەش پێچەوانەکردنەوەی کۆپڵەیەکی هۆنراوەکەیە کاتێک شاعیر بە خۆشەویستەکەی دەڵێت: نامەکانت یەک یەک ماون، دیارییە سادەکانت یەک یەک ماون، چاویان شۆڕە دەست لەسەر سنگ بۆم وەستاون، واتا لە دەستپێکی نامەکەدا وەک چۆن دەردەکەوێت بە هۆی چاوەڕوانی نەکردنی لە شـــاعیرێکی وەکو عەبدوڵلا پەشـــێو، کە ئەم جۆرە دەقە دژ بە ژن بنوســـێت هەر بەم هەناســـەشـــەوە شیکردنەوەی بۆ هۆنراوەکەی پەشێو کردوە. لە ڕاستیدا ئەو وتارەی ڕۆزە حوسێن خۆی لە خۆیدا لە چرکەساتی بڵاوبونەوەیدا بوە هۆکاری جارێکی دیکە زیندوکردنەوەو هێنانەوە بەرباســـی خودی هۆنراوەکە، چونکە جگە لە وتارەکەی نوســـەر (تارق ســـاڵح) کە لە ســـاڵی (٢٠١١) دا نوســـراوە وتار و خوێندنەوەکانی دیکە لەڕوی مێژوی نوسینەوە لە دوای نوسینی ئەم وتارەوە نوسراون. هەر بۆیە هەندێک لە وەرگرەکان لە وەرگرتن و خوێندنەوەی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper17

هۆنراوەکەی پەشــێودا جۆرێک وەڵامدانەوەو کاردانەوەشــیان بەرانبەر بەم وتارەو خاوەنی وتارەکەش دەربڕیوە. ڕۆزە حوسێن وتارەکەی لە ژێر کاریگەری بەرگریکردن لە دۆزی ژن و نواندنی توندوتیژی و هەڕەشەی کوشتن لە ژن لە یادی ڕۆژی هەشــتی مارســدا نوســیوەو داواش لە عەبدوڵڵا پەشــێوی شــاعیر دەکات هەر لەم بۆنەیەدا داوای لێبوردن لە ژنانی کورد بکات و پەشــــیمانی خۆی لەبارەی ئەم هۆنراوەیەوە دەرببڕێت. بۆیە دەبینین بە زمانێکی زبر ڕو لە پەشــــێو دەکات و دەڵێت: "هاوکێشــــەکە بەو شــــێوەیەیە کە بەو ئەندازەیەی لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا دواکەوتویی و عەقڵی کۆنی پیاوســــالاریی باوە، بەو ئەندازەیە کوڕان و پیاوانی ئەو کۆمەڵگایە لە دەســــتیاندایە و دەتوانن نامەی بەختی ئەو کچ و ژنە بەجورئەتانەمان بســــوتێنن کە ڕۆژێک لە ڕۆژان «نامە و دیاریی ســادە» بۆ کوڕێک دەنێرن، یان لێدەگەڕێن خۆشــەویســتەکەیان «تاڵ بە تاڵی پرچیان بۆن بکات». تۆ هەر تەنها بەو ئەندازەیە لە پایەی بەهێزییدایت و تەنها بەو ئەندازەیە دەتوانیت «بە دو وشــە دڵی زاوای نوســتو ڕەش کەیت» کە زاوای نوستو پیاوێکی مێشکداخراو و خاوەن ڕوانگەیەکی دواکەوتو بێت بۆ ڕەگەزی ژن و پێیوابێت کە بەهای مرۆڤی ژن و پلەی کەرامەتی مرۆڤی ژن بەوەوە بەستراوە کە ئایا پێشتر لەشی دەستی پیاوی بەرکەوتوە یان نا. ئەگینا ئەگەر زاوای نوســــتو پیاوێکی مۆدێرنی مێشــــککراوە بێت کە توانیبێتی ئەوە ببینێت کە ئەوە هیچ لە بەهای ئینسانێک کەم ناکاتەوە کە «جێی دەرزییەک لە سنگی نەمابێت پێشتر پەنجەی بەرنەکەوتبێت»، ئەوا تۆ لەو چەکەت دادەماڵرێیت و ناچار دەبیت وەک پیاوانی ئێستا لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا ڕوت نەیەت هەڕەشــەیەکی وا بە هەڕەشــە بزانیت و ڕێگە بەخۆت بدەیت بیهێنیتە ســەر زمان" (حوســێن، ٢٠١٥، ٢). نوســەر وەکو کاردانەوەیەک بەرانبەر هۆنراوەکە بـاس لە بەربەرێتی کۆمەڵگە دەکـات بەرانبەر بەژن و درێژەکێشــــانی ئەو بەربەریەتەش دەبەستێتەوە بە ئاکامی ئەوەی دەزانێت، کە خەڵکی کۆنسەرڤاتیڤ و پیاوانی ئاینیی و سیاسەتمەدارانی نابەرپرس و، ئینجا ڕۆشنبیران و شاعیرانیش، جارجار دەچنە پشت ئەو بەهایانەی، کە لە پشت ئەو ڕوانگە مونحەریفەوەیە، کە بۆ جەستەی ژن هەیانە و سەبارەت بە سێکسوالیتیی. ئەمە بێئەوەی خۆیان بزانن بەو کارەیان بانگەشە بۆ چ بەهایەکی بێزراو دەکەن و ڕەسمیەتی پێدەدەن. ئەمەش بە حاڵەتی نا ئایدیاڵ دەزانێت و نابێت شاعیرێکی نمونەیی وەک عبدوڵڵا پەشــێو بخزێتە نێو ئەم بازنەو چوارچێوەیەوە تا لەو ڕێگەیەوە لەســەر حیســابی هەڕەشــەکردن و ڕۆحی تۆڵەســـەندنەوە دۆزی خۆی پێشــبخات، دەبو شــاعیر بەئاســتێک باوەڕی پتەوی بەو بەهایانە هەبێت، کە تورەیی دابڕان وای لێنەکات ئەو جۆرە لە گوتار بهۆنێتەوە تا ترســـی پێ بخاتە دڵی خۆشــــەویســــتەکەیەوە بۆیە دەڵێت: "من دەزانم، وەک دەڵێن «ئینســـان بەرد نییە» و دەبێت تێگەیشــتنێک بۆ ئەوە هەبێت کە جار هەیە ڕۆحی ئینســـان، بەتایبەت لە دۆزی خۆشــەویســتییدا، بە ئاســتێک برینی تێدەکەوێت کە کەســەکە ئازارەکانی کۆمەڵگای دەوروبەری خۆی بیردەچێتەوە. بۆیە ئەمە جێگەی تێگەیشــتنە. بەڵام ئەوەی کە جێگەی تێگەیشــتن نییە ئەوەیە، کە لەدوای هێوربونەوەو دوای ئەوەی کەسەکە دەبینێت بەو دەقە شیعرییەی نوسیویەتی، بە چی سەنگێکی گەورەوە چۆتە پشت چی بەهایەکی نائیسانی، هێشتاش خەمێک لە سنوردارکردنی ئەو زەرەرانە نەخوات کە ئەو کارەی ئەو



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper17

لە کۆمەڵگای دەدات، بەڵکو بەپێچەوانەوە، لە دۆخێکی دەرونیی ئارامدا چەندین جار ئەو دەقە شـــیعرییەی بباتەوە بۆ چاپخانە و، لێشگەڕێت ئەم گۆرانییێژ بیکات بە مەقام و، ئەویتریان بیکات بە بەستە و، ئەو هەمو ساڵە دو نەوە بەو بەهایە گۆش بکرێت. ئەمە ئەو کارەیە کە تۆ چەند ســــاڵە لە دۆخی ئارامیی (نەک تورەیی)-دا دەیکەیت و، ئەمەیە من ڕەخنەم لێی هەیە." (حوسێن، ٢٠١٥، ٣).

ڕۆزە حوســێن ڕەخنەی ئەوە لە عەبدوڵڵا پەشــێو دەگرێت، کە هەڕەشــەی بەکارهێنانی چەکێک دەکات بەرانبەر بە خۆشـەویسـتە لە دەسـتچوەکەی، کە ڕیسـکی بە ژیانی خۆی کردوە لە نێو کۆمەڵگایەک هەمیشـە چەکی کوشـتنی بەدەسـتە بەرانبەر بە ژن، ئەمەش گەورەیی و جورئەتی ئەو کەسـە دەسـەلمێنێت. هەر ئەمەش بوەتە ئەو چەکەی، کە لە پشــتی متمانە بونەوە داویەتی بە دەســتی تۆ و تۆش لەبری ڕێزگرتن لەو متمانەو بوێرییە ئێســتا هەر بەو چەکە هەڕەشــــەی تۆڵەســــەندنەوەی لێدەکەیت! "زۆرێکمان دەزانین کە ئەو دەقە بۆ بەســــەرهاتێکی ڕاســــتەقینە نوسراوە. ئەمەیە کە من پڕ دەکات هەم لـە ڕێز و هەم لە سەمپاتیی بۆ ئەو کەسەی کە ئەوەندە ئینسانێکی گەورەو بەجورئەت بوە کە باکی بە پاشــکەوتویی بیرکردنەوەی کۆمەڵگاکە نەبوە و ئەو ڕیســکەی کردوە ئەو چەکە بداتە دەســتی تۆ کە بتوانیت بڵێیت لەدەســتم دێ لەدژی خۆت بەکاری بێنمەوە... ســەمپاتیی، چونکە ئەو جورئەتەی ئەو کەســە نواندویەتی بە هۆی متمانەیەوە بوە بە تۆ، بەڵام لەپڕ دەبینێت کە تۆ بە پلەیەک ئامادەیت بەئیســتیفادە لەو متمانەیەی بکەیت کە باســی خۆت و ئەو بکەیتە باســی کۆمەڵگایەکی خاوەن چەند ملیۆن ئینســانی گۆشــکراو بە عەقڵی پاتریارکیی و ڕوانگەی مونحەریفانە بۆ خۆشــــەویســــتیی و ســــێکس." (حوســــێن، ٢٠١٥، ٤). ئەوەی لە خوێندنەوەی ئەم وتارەدا دەیبینین و هەسـتی پێدەکرێت گوتاری وتارەکەیە، کە بە تێگەیشـتنی ئێمە دابەشـی سـەر چەند تەوەرەیەک دەبێت ئەوانیش: گوتاری سەرزەنشتکردن و گوتاری ڕونکردنەوەی تێگەیشتنی زیاتری عەبدوڵڵا پەشــێو لە کۆمەڵگەی پاتریارکی و پیاوســاڵاری و گوتاری هاندانی شــاعیر لە هاتنە دەرەوە لە کونســــەرڤاتیڤی نابەرپرسیارێتی نەویستراو هەندێ لە پیاوانی ئاینی و بەناو ڕۆشنبیر و شاعیران. گوتاری هیواخواستن، کە زیاتر لە پێنج جار دوبارەی دەکاتەوە "هیوادارم ببینیت کە تۆ ئەم هەمو ســاڵە ڕۆڵی چی کەســێکی ناشــایان بە متمانە و خاوەن مۆراڵی کەم و شەڕکەری مۆراڵی کۆمەڵگای دواکەوتو و پاتریارکییت بینیوەو، بە چ ئەندازەیەک خۆت وەک ئینســــانێکی ئیســــتیغلالکەر پیشــــان داوە لە چاوی ئەو کەســــە و لە چاوی ئەوانەماندا کە تورەین لەوەی پیاوانمان بەدئیســــتیفادە لەو چەکە نارەوایە دەکەن کە دواکەوتویی کۆمەڵگا داویەتییە دەســــتیان." (حوســــێن، ٢٠١٥، ٤). هەروەها گوتاری نواندنی مەترســــی بەهۆی ئەو دەقەوە لەســــەر نەوەکانی داهاتو، بۆیە دەرفەت بە بیر عەبدوڵڵا پەشـێو دەهێنێتەوە، کە ئەم هۆنراوەیە نەداتە دەسـت نەوەکانی داهاتو "تۆ ئەم دەرفەتەت ماوە. وا لێرەدا ئەمەشـی دێتە سـەر کە ئاگاداریش کرایتەوە پشـتی ئەو بەهایە چۆڵ بکەیت کە دەقی «لە دەستم دێ»ی لەسـەر بونیادنراوە. بۆیە ئەگەر ئەو دەقە هەروا بەبێ تێبینیی شـــــاعیرەکەی هەواڵەی نەوەکانی داهاتو بکەیت، بەو کارەت دەقێک ڕادەستی ڕەخنەگرانی دوارۆژ دەکەیت کە بۆی هەیە لە داهاتویەکی نزیکدا وەک دەقێکی «چاوشۆڕ، دەست لەسەر



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper17

سینگ، بوەستێ و ئارەقەی شەرم بتکێنێ» لەئاست ئەو ڕۆڵەدا کە ئەم هەمو ساڵە تۆ پێت بەخشیوە." (حوسێن، ٢٠١٥، ٦). ڕۆزە حوسێن جارێکی دیکەش هیوا دەخوازێ، کە پەشێو حاشا لە پەشێوی ناو دەقی هۆنراوەکە بکات، چونکە ناکرێت لە پێناو خەونێکی بەدینەهاتوی خۆی چەکی کۆمەڵگایەکی دواکەوتوی پاتریارکی بکاتە شـــان و تورەیی خۆی پێ بەتاڵ بکاتەوەو وەک پیاوێکی ئیستیغلالکەری بەڵگە بەدەست بەرانبەر خۆشەویسترین کەسی خۆی تەنها لەبەرئەوەی نەیتوانیوە پەیمانی بەیەکگەیشتنی لەگەڵدا بگەیەنێتە سەر هەڕەشەی تۆڵە سەندنەوەی لێبکات و خۆشی وابنوێنێت ئەگەر تۆڵە ناکاتەوە ئەوە لەبەر پیاوەتی خۆیەتی "هیوادارم دوای ئەوەی ئەم قوڵاییەی مەســـەلەکە دەبینیت، پێت خۆش نەبێت کە هەر لەو ڕۆڵەدا بمێنیتەوەو، هیوادارم قەتیعەیەک لەگەڵ ئەو ڕۆڵەدا ڕابگەیەنیت کە ئەو هەمو کاتە، لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەو دەقەوە تا ئەمڕۆ، لە ماڵەکانی خوێنەری کورددا گرتوەتە ئەستۆ. هیوادارم ڕایبگەیەنیت کە ئەو پیاوە ئیستیغلالکەرەی کە دودڵ نییە لەپێناو خۆیدا چەکی کۆمەڵگای دواکەوتو و پاتریارکیی هەڵگرێت و تورەیی خۆی پێ بەتاڵ بکاتەوە، ئەو پیاوە عەبدوڵا پەشێوی ڕاستەقینە نییە، بەڵکو عەبدوڵا پەشێوێکە کە حاشـــای لێ دەکەیت، چونکە نزیکی نیو ســـەدەیە، تورەیی بەســـەر هەڵەیەکی زۆر ناشیرینیدا دەبات و، تا ڕۆژی ئەمڕۆش بەردەوامە لەسەری" (حوسێن، ٢٠١٥، ٤). بۆیە، بە حەقی دەزانێت تاوەکو کات درەنگ نەکەوتوە عەبدوڵڵا پەشێو هەوڵی لە کارخستنی ئەو دەقە بدات، کە چەندین ساڵە بۆ تۆڵەسەندنەوەی تورەبونی شاعیرێک لە دۆزێکی شەخسیدا چەکی پارێزگاریکردن لە یەکێک لە حاڵەتە هەرە نائینسانییەکانی ناو کۆمەڵگەی ئینسانی کردۆتە شان بە پشت بەستن بە بەهایەک، کە ڕۆژ نییە حەقی کوشتن و تۆڵەسەندنەوە نەداتە دەست پیاو بەرانبەر بە ژن.

٣. (رفعت حمد احمد) لەوتارەکەیدا بەناونیشانی (ئایە پەشێو لە دەستی دێ توندوتیژی دژی ئافرەت بکات؟) هەوڵیداوە خوێندنەوەیەکی تا ئەندازەیەک بێ لایەنانە و لە ڕوانگەی تێگەیشـــتنی خۆیەوە لە شـــیعر بۆ هۆنراوەکە بکات و نە لایەنگری و نە دژایەتی خۆی بۆ هۆنراوە دەرنەبڕێت و ئاگاداری ئەو وتارە ڕەخنەییانەیەشـــە، کە لەبارەی هۆنراوەکەوە نوسراون. لە خوێندنەوەکەیدا پشتی بە هیچ میتۆد و ڕێبازێکی ڕەخنەی ئەدەبی نەبەستوە لە گۆشەنیگای دەسەڵاتی پیاوسالاری و و ڕەوایەتی پێدانی کۆمەڵگە بۆ ئەم دەسەڵاتانەی پیاو ڕاڤەی هۆنراوەکەی کردوە. ئەو ئاســـایی لەو دەســـەڵاتە پیاو ســـالارییەی کۆمەڵگەی کوردی داویەتە ڕەگەزی نێر لە هۆنراوەکەی ڕوانیوەو (پەشـــێو)یش دەخاتە ناو ئەو فەزایەی بیرکردنەوەوە، کە هەر پیاوێکی دیکە لە کۆمەڵگەی کوردیدا تێیدا دەژی لە بارودۆخێکی لەم جۆرەدا. بەڵام لە خوێندنەوەکەیدا دەیەوێت بە ناڕاســـتەوخۆ وەڵامی ئەو بۆچونە فیمینیزمییانە بداتەوە، کە دەقی هۆنراوەکە بە دەقێکی دژە ژن و پڕ لە توندوتیژیی دەزانن بە پێچەوانەوە ئەو وایدەبینێت، کە دەقەکە نەک توندوتیژیی تێدا نابینرێت بەرانبەر بە ئافرەت، بەڵکو دەبێتە هۆی کوشتنی ڕق و بیری تۆڵەســـەندنەوەو لە بری ئەوە خۆشـــەویســـتی لە دڵی ئەو پیاوانەدا دەچێنێ، کە بەهەر هۆکارێک بێت خۆشەویستەکانیان ئەلقەی هاوژینی لەگەڵ کەسێکی دیکەدا دەگۆڕنەوەو لەم بارەیەوە دەڵێت: "ڕاستە پەشێو تورە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper17

دەبێت و دەسەڵاتەکانی خۆی دەخاتەڕو بە پشت بەستن بە بەڵگەکانییەوە، بەڵام لەبەر ئەو خۆشەویستییە گەورەیەی هەیەتی هیچی جێبەجێ ناکات و واز لە هەڵچون و ڕق و کینەی ڕەشی خۆی دەهێنێت، کە ئەمەش نەک بانگەشە نییە بۆ توندوتیژی دژی ئافرەتان، بەڵکو بانگەشەیە بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ئافرەتان، لە جێی توندوتیژی چاندنی خۆشەویستییەکی ڕاستەقینەیە" (احمد، ٢٠١٦، ٣).

ئەم تێگەیشتنە لە دەقەکە تێگەیشتنێکی باش و لەبارە، چونکە کاتێک پەشێو خۆشەویستی لە بەرانبەر ڕق و کینەو هەڵچون و تۆڵەسەندنەوەدا دادەنێت و دواجار خۆشەویستییەکەی دەکات بە هۆکاری لە ناوبردنی هەمو ئەو ڕق و کینەو هەڵچون و تۆڵەسەندنەوەیە بەڵگەی خۆشەویستی و ڕێزگرتنی ژنە لە ناخی پەشێودا، کە ڕێگرە لەوەی هیچ ڕەفتارێکی هەڵە بەرانبەر ژن بەگشتی و خۆشەویستەکەی بەتایبەتی ئەنجامبدات "پەشێو دەسەڵاتەکانی خۆی لە هەڕەشەو ڕک و قینە و تۆڵەکانی کەمێک سازش پێدەکات و وشەیەکیش بەکاردێنێ کە هۆکاری ئەو ساردبونەوەیە ئەویش "گیانە"یە. ئەمە واتای من هێشتا ئەو گیانەم تێدا ماوە کە لەگەڵ ئەوەی دەسەلاتم هەیە، بەڵام ڕەنگە بەکاری نەهێنم، (گەر بمەوێ) واتا (نامەوێ) پێچەوانەی سەرەتا کە زۆر ڕاشکاوانە کە دەڵێ لە دەستم دێ و بەڵگەشم هەیە، بەڵام دیارە ئەو هەمو هەڕەشانەی پەشێو تەنها بۆ دەربڕینی هەستی ناخی برینداری خۆیەتی و سوێ کردنەوەی خۆشەویستەکەیەتی کە چەند خۆشی دەوێ! بەڕادەیەک کە حەز دەکات لە ناوی ببات، چونکە لە دەستی داوە، بەڵام بۆ ئەوەی تەواو خۆشەویستەکەی دڵنیا بکاتەوە "بەڵام"ێک دێنێتە ناو بابەتەکە. ئەو "بەڵام"ەی کە پەشێو سەر لەبەری ئەوەی لە پێشەوە باسی کردوە ڕەتی دەکاتەوە و لە "ئەرێ"وە دەیکاتە "نەرێ" کاتێک دەڵێ: بەڵام چی بکەم..." (احمد، ٢٠١٦، ٢) بۆیە ئەو وەرگرە تا ئەندازەیەک توانیویەتی پەی بە پەیامە ئیستاتیکیەکانی هۆنراوەکە ببات و هەوڵیداوە پۆزش بۆ ئەوە بهێنێتەوە، کە مرۆڤ لە تەمەنی گەنجی و لاویدا لە بارودۆخێکی وەهادا، کە شاعیری پێدا تێپەڕیوە خوێنی هەڵدەچێت و هەڵە دەکات لە ڕەفتار و گوفتارەکانی و زانستی دەرونزانیش ئەمەی سەلماندوە بەتایبەتیش کاتێک دڵدارەکەی لە دەست بدات یان لێبستێنن. هەر بۆیە پەشێو وەک تێبینییەک لە دوای ناونیشانەکەیەوە نوسیویەتی (لە ساتێکدا مرۆڤ دەبێتە چەپکێک لە دەماری توڕە، هۆنراوەیەکی وا لە دایک دەبێت) و قینی ڕەش لە ناخیدا سەرهەڵدەدات، کە ئەمەش دەکرێ لەڕوی دەرونییەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت، کاتێک شاعیرێک توڕە دەبێت و توڕەییەکەی دەکاتە ئەوپەڕی دەتوانێت بە هۆنینەوەی هۆنراوەیەکی لەم جۆرە خۆی بەتاڵ بکاتەوە. بەڵێ بە شێوەیەک لە شێوەکان لەم شیعرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە مرۆڤ کاتێک توڕە دەبێت دەشێ ڕەفتار و گوفتاری هەڵە و سنوربەزێن ئەنجام بدات، بەڵام دەبێت کۆنترۆڵ بکرێت، (پەشێو)یش پێیوایە دەکرێت ئەمە بە خۆشەویستی کۆنترۆڵ بکرێت و خۆشی لەو تەمەنی گەنجییە و لەو کارەساتەی بەسەریدا هاتوە هەروایکردوەو بە خۆشەویستی خۆشەویستەکەی قینی ڕەش و هەڵچون و توڕەبون و تۆڵەسەندنەوەکانی کۆنترۆڵ کردوەو لە ئاستی گوفتارەوە نایەنگەیەنێتە ئاستی ڕەفتارنواندن.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper17

٤. (ئەنوەر عەباسی) لە وتارەکەیدا (ئەو شیعرانەی خۆشم دەوێن) جیاواز لە خوێندنەوەکانی پێشوتر، کە دەربارەی ئەو هۆنراوەیە کراون لە ڕوانگەی تیۆری دەرونشـــیکاری فرۆیدەوە ڕاڤەی هۆنراوەکە دەکات و مەســـەلەی تۆڵەسـەندنەوەکە ناخاتە ئەستۆی شاعیر، بەڵکو دەیخاتە ئەستۆی ئەو غەریزەی لە بونی هەمو مرۆڤێکدا هەیە لە حاڵەتی نەگەیشتن بە مەبەستەکانی هەڵوێست نواندندا "ئەم شیعرە لەم ڕوانگەیەوە شیعرێکی تایبەت و تا ڕادەیەک کەم وێنەیە. ڕەنگە هەر ئەو کێشـــمەکێشـــە دەرونییە (بۆ ئێمەی ڕۆژهەڵاتی ناوینی کە لە گێژاوی ســـوننەت و مۆدێرنیتە و ویســـت و ســـەرکوتی ویســـتدا تێگیراوین، نامۆ نییە) وایکردبێت ئەم شـیعرە هەتا ئێســتاش ئەوەندە گرینگ بێت. ئێمەیەک کە لە بچوکترین هەڵسوکەوتی ڕۆژانەماندا توشی کێشمەکێشی دەرونین. هەتا بڕیار دەدەین کە فیلتەری جگەرەکەمان لەســـەر شـــەقام فڕێدەین (ویســـتی ئید) یان بیخەینە نێو تەنەکەی زبڵەوە (چاوەڕوانیی ســوپەرئیگۆ) لەگەڵ خۆماندا مشـەرعێن دەکەین (هەڵســەنگاندنی ئیگۆ)." (عەباســی، ٢٠١٦، ٣). واتا ئەم وەرگرە لە شــرۆڤەکارییەکی دەرونشــیکارانەوە بۆ تێگەیشــتن لە هۆنراوەکە هەنگاوی ناوەو ئەوەمان پێڕادەگەیەنێت ململانێ دەرونیەکانی مرۆڤ، کە لە نێوان هەرسێ بەشە غەریزەییەکەی مرۆڤ بەرجەستە دەبن هەمان حاڵەت لە دەرونی پەشێوی شاعیردا لە ساتەوەختی نوسینی هۆنراوەکەدا سەریهەڵداوە "لە شیعری (لە دەستم دێ)دا (ئید)ی شاعیر سەودایەکی خرۆشان و توندئاژۆی هەیە بۆ تۆڵەسەندنەوە. دەیەوێ کاتژمێری کامەرانیی دڵداری بێوەفا بوەستێنێ. هەمو ئەعزای ناڵینی دەناڵێ و داوای تۆڵە دەکەن. تۆڵەیەکی بێبەزەییانە. شـــاعیر بەیەکجاری پانتاییەک دەخولقێنێ کە بەردەنگ پرسـیاری لەلا سـاز دەبێت: باشـە ئەم هەمو ویسـتی تۆڵەیە لە کوێوە دێت؟ کار دەگاتە شـوێنێک کە شـــاعیر خەریکە پەردە لەســـەر کۆمەڵێک نهێنی زۆر ورد و تابو لادەدا... لەگەڵ ئەوەی کە دەزانێ دنیای دەرەوە لەگەڵ ئەم ویســتەدا ناگونجێ بۆ نەرمکردنەوەی ئید و هەڵســەنگاندنێکی ژیرانە بۆ خۆی، پاســاو بۆ ئەو غەریزە و ویســتە توندئاژۆیە دەهێنێتەوە. لێرەدایە کە هەوڵ دەدا بەرگی دادپەروەری بکاتە بەر چەمکی تۆڵە. ئیگۆی شــاعیر لەبەرانبەر ئەو ویســتە توندئاژۆیەی تۆڵە ئەســتاندنەوە بەربەرەکانێ دەکات، بەڵام ســەرەتا مەیلی تەواوی نییە کە ڕێگریی لێ بکات و بیکوژێنێتەوە. بەڵکو ڕەهەندەکەی دەگۆڕێ. بەهێنانەگۆڕی باســـی نامەکانی دڵداری بێوەفا و دیارییەکانی کە چاوشـۆڕ و دەسـت لەسـەر سـینگ لەبەردەمی شـاعیر وەسـتاون،." (عەباسـی، ٢٠١٦، ٣). واتا ئەو کاتەی، کە پەیامی هۆنراوەکە دەگاتە ئەو ئاســتەی ئاماژە بە هەڵدانەوەی پەیوەندییەکەیان بکات لەگەڵ دڵداردا ئیتر ئەوە ویستە شەرانگێزییەکەی شاعیرە زاڵ دەبیت، بەڵام ئەوەی پەشێو لەو هەست و غەریزە پڕ لە تۆڵەسەندنەوانە پاشـگەز دەکاتەوە ئەوە زالتر بونی بەشـی سـوپەر ئیگۆیە، کە پابەندی بەها ئیتنیکی و ئەخلاقیەکانە و هەمیشـە لە مرۆڤە ژیر و دەرون دروستەکاندا بەرانبەر ئیگو زاڵتر دەردەکەوێت و ناهێڵێت سنورەکانی مرۆڤدۆستی و ئەخلاق و ببەزێنێت. پەشـــێویش هەمان هەســـتی هەیە و لە بنەڕەتیشـــدا باســـکردن لەو پەیوەندییە تا ئەو ئاســـتە بە خوێندنەوەی ئێمە بۆ ئاماژەدانە بە بونی متمانەیەکی بەهێز و پتەو بە شـاعیر لە لایەن دڵدارەکەیەوە و شـاعیریش، کە ئەم باسە دێنێتەوە گۆڕێ ئامانجی بەچاو دادانەوەو چاو شۆڕکردنی دڵدار نییە، بەڵکو ئامانج تێیدا لە دەستدانی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper17

ئەو متمانەو بروابونە بوە لە نێوانیان، بەڵام دواجار ئەوەی لە هەســت و دەرونی شــاعیردا زاڵتر دەبێت ســوپەر ئیگۆیە لە پێناو نەبەزاندنی سنورەکاندا "سـوپەر ئیگۆ لە کۆتایی ئەم شـیعرەدا ناوی خۆشـەویسـتی دێنێ و ئاو بە ئاگردا دەکات کە دەشێت ئەویش جۆرێک پاساو هێنانەوە بێت. کاتێک کە شاعیر ناتوانێ لە نێوەڕاستی مشەرعێنی دادگادا باسـی ڕێزی ئەخلاق و مرۆڤایەتی بکات (چونکا دەبێ بە دروشـمدان) خێرا هەر بەو ڕێگایەدا کە هاتوە، دەگەڕێتەوە بۆ نێو خۆی. بۆ نێو شـتێک کە هاوبەشـترە لەگەڵ دڵدار. هەسـتێک کە دەزانێ ئەویش تێیدەگا. ڕەنگە بگوترێ ئەمە منەتێکە کە لەسـەر دڵدار دەیکا، بەڵام ئەگەر وایش بێت دیسـانەوە هێندە بەهێزە کە هەم ئید ڕازی بکات و هەم ئیگۆ لە پەلەقاژە ڕزگار بکات. لە بیرمان نەچێ کە بەپێی ناوەڕۆکی شیعرەکە شاعیر حەقی بەدەستە" (عەباسـی، ٢٠١٦، ٣). ئەوەی، کە پەشـێو جیا دەکاتەوە بونی خۆشـەویسـتییەکی ئایدیالی کۆمەڵایەتی پڕ سـۆزە بەرانبەر دڵدارەکەی، کە هەمو ناومکینێک لە دڵی ئەودا دەکاتە مومکین بۆیە پەیامەکەی بەمجۆرە دەگەیەنێت، کە ئەو دەتوانێ تۆڵە بکاتەوە، بەڵام لە دواجاردا بڕیاری تۆڵەسـەندنەوە کاری ئەو کەسـانەیە، کە لەژێر کاریگەری بیری عەشیرەت و پیاو سالاریدایە لە ئەگەری بێ وەفا بونی ئەویندارەکەی بەڵگەکان دەکاتە چەکی تۆڵەسەندنەوە، بەڵام پەشـێو ئەگەرچی لە هەرەتی کەف و کوڵی گەنجێتی و لاوێتیدایە، ئەو سـنوری بیرکردنەوەیەی تێپەڕاندوە و وەک مرۆڤێکی هەسـت ناسـک و ژن دۆسـت ناچێتە ژێر کاریگەری ئەو جۆرە بیرکردنەوەو تۆڵەسـەندنەوەیە، بەم کارەش ئەم نەریتی تۆڵە سـەندنەوەیە تێکدەشـکێنێ و پەیامێک دەدات بەگوێی هەمو ئەو دڵدارانەی دەکەونە وەها بارودۆخێکەوە، کەوا لە پێناوی خۆشـەویسـتیدا ئەم کەلتوری باڵا دەسـتەی پیاو و تۆڵەسـەندنەوەیە بەجێبهێڵن "لێرەدا خۆشـەویسـتی ئایدیاڵێکی کۆمەڵایەتییە کە هەمو ناومکینێک مومکین دەکات. وەکو خودا و دین و ئایدیۆلۆژی کە دەتوانن قسـەی کۆتا بکەن و کەس قسـە لەسـەر قسـەیان نەکات. شـاعیر دەیەوێ دڵنیا بێتەوە و بەردەنگەکەی دڵنیا بکاتەوە کە لە توانایدا هەیە تۆڵە بکاتەوە، بەڵام نایکاتەوە و پێداگری لەسـەر ئەمە دەکات. چونکە دەزانێ بایەخی ئەم لێبوردنە لەگەڵ لێبوردنێک کە لە لاوازییەوە بێت، قەت بەراورد ناکرێت." (عەباسـی، ٢٠١٦، ٣). لە بنچینەدا ئەو کێشـمەکێشـمەی لەسـەر ئەم هۆنراوەیە هێناویەتە ئاراوە بونی ماهییەت و ئیسـتاتیکای جوان و بیرۆکەی ئەم هۆنراوەیە، کە حەقیقەتی ڕەهای بیرکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردی و ڕۆحی تۆڵەسەندنەوەیە لە بیر و دەرونی پیاوی کورد لە ئەگەری جێهێشـتنی خۆشـەویسـتەکەی و گۆڕینەوەی ئەڵقەی هاوژینی لەگەڵ کەسـێکی دیکەدا. لە نێوانی هەمو ئەو تەنگژەو ململانێ دەرونییەی شـاعیری پێداتێپەڕیوە دواجار دەبینین شـاعیر سـوپەر ئیگۆ دەکاتە پێوەر و ئەویش ڕێگەی تۆڵەسـەندنەوەی لێدەگرێت و لە بری تۆڵە سـەندنەوە بە گیانە بانگی دڵدارەکەی دەکات و دەیکاتە نیشـانە و ئاماژەی لێبوردن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەم جوانترین تۆڵە سـەندنەوەیە و هەم جوانترین لێبوردن، چونکە وەک ڕونـە کاتێک مرۆڤ هیچ چەکێکی تـۆڵەسەندنەوەی بـەدەستەوە نییە لێبوردەیی بەها و ئەرزشـێکی ئەوتۆی نابێت و بە پێچەوانەشـەوە ئەو کاتەی مرۆڤ دەسـەڵاتی تۆڵە سـەندنەوەی هەیە، بەڵام لە بری ئەوە بەخشـندە دەبێ لە بەرانبەر کەسـی تاوانبار، ئیتر مرۆڤدۆسـتی و بەخشـندەیی ئەو مرۆڤە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper17

لە خۆی گەورەتر دەکات "سـەرەڕای هەمو ئەمانە، بەڕای من شـاعیر تەنیا بە نوسـینی ئەم شـیعرە تۆڵەی خۆی کردوەتەوە. برینەکەی خۆی هەڵداوەتەوەو ئیدی قەت سارێژ نابێتەوە. بۆیە هەتا ئێستاش ئێمە باسی ئەم شیعرە دەکەین. ئەگەر بیویستبایە تۆڵە نەکاتەوە، دەبو ئەو شیعرە نەنوسێ. بەڵام چ تۆڵەیەکی جوان و دڵڕفێنە ئەم شیعرە. شیعرێک کە خۆشمدەوێ. شیعرێک کە ٤٧ ساڵ لەمەوپێش لە گوندێکی ئەم کوردستانە نوسراوە" (عەباسی، ٢٠١٦، ٣).

٥. (ڕەسوڵی سوڵتانی) یەکێکی دیکەیە لەو شاعیر و وەرگێڕ و ڕەخنەگرانەیە، کەوا لە وتارێکی ڕەخنەیی خۆیدا بە ناونیشـانی (پەشـێو، شـاعیرێکی دژە ژن، یان ڕوناکبیرێکی یەکسـانیخواز؟ هەڵسـەنگاندنێکی ڕەخنەیی بۆ ئەم هۆنراوەیەی پەشـێو کردوەو ئاسـۆی چاوەڕوانی و تێگەیشـتنی خۆی لەبارەی هۆنراوەکەوە خسـتۆتەڕو وەک خوێنەرێکی بە ئاگا و شـارەزای تیۆرە ڕەخنەییەکان ڕاڤەی شـیعرەکەی کردوەو ئەوەی سـەلماندوە، کە پەشـێو شـاعیرێکی ڕوناکبیر و یەکسانخوازە، نەک شاعیرێکی دژە ژن. ئەم نوسـەرە ئاماژە بە لایەنگرانی ڕاڤەکارانی دەق و گرنگی خوێنەر و وەرگر دەکات لە چۆنییەتی تێگەیشتنیان لە واتا و پەیامی دەق و شیعرییەتی دەق و چۆنیەتی ڕۆچون بە قولایی دەق و تێگەیشتنی ورد لە دەلالەتی دیوە شـاراوەو نەگوتراوەکانی هۆنراوەو بۆ ئەمەش ئاماژە بە ئاسۆی چاوەڕوانی و مەودا فراوانی ئاستی ڕۆشنبیری خوێنەر دەکاتەوە بە پێوەری هەڵسەنگاندنی هۆنراوەکە "بە ئاواتەوە بوم، خوێنەری کورد بگاتە ئاستێکی تێگەیشتن و لێکدانەوە، کە وەختایەک دەست بۆ شیعرێک دەبا و قۆڵ هەڵدەماڵێ ئەو شیعرە شی بکاتەوە، جا بە هەر بارێکیدا بێ، پاش وەرگرتنی پەیامی دەقەکە، لەو کەرەستە و دەستەواژانە ورد بوبایەتەوە، کە پێکەوە دەستیان داوەتە دەستی یەک و ئەم دەقەیان لە قسەیەکی ئاسایی ڕۆژانە جیا کردوەتەوەو کردویانەتە شـیعرێک و لە شـیعرەکانی پێش خۆیشـی جیاوازە. لایەنگرانی ڕاڤەی دەق و هێرمۆنۆتیکخوازەکان لەسـەر ئەو باوەڕەن کە تێگەیشتن لە دەق پێوەندیی بە ئاسـۆی زانیاری و تێگەیشـتنەکانی خوێنەرەکەوە هەیە. بەو پێیە، چەندی ئاسۆی تێگەیشتنەکانمان بەرینتر و بەرفراوانتر بێ، ئەوەندە پتر دەتوانین بە قولایی دەقێکدا ڕۆ بچین و دیوە شـاراوەکانی دەقی ئەدەبی ببینین و ئەو مانا و لایەنە ئەدەبیانە بدۆزینەوە کە لە خەڵکی ئاسایی شارەزان، ڕێک بە پێچەوانەشەوە بەرتەسکبونی زانیارییەکانمان لە ئاستی ڕوکەشیان و لە ڕوکاری دەقەکەدا قەتیسـمان دەکا. هەڵبەت زۆربەی جاران ئەرکی دەرخسـتنی ئەو لایەنە شـاراوانە و هەڵدانەوەی توێ و پێچ و پەناکانی دەق دەکەوێتە ئەستۆی ڕەخنەگر و لێکدەرەوە شارەزاکانی بواری ئەدەب و، ئەوان دەتوانن لایەنی بێدەنگی دەق وەدەنگ بێنن" (سوڵتانی، ٢٠١٧، ١).

ئەم ڕەخنەگرە ئەوە ڕوندەکاتەوە، کە لەم شـیعرەدا پەشـێو تا چەند دێرێکی پێش کۆتایی شـیعرەکە وەک کوڕێکی دەمارگرژی نێو عەشـیرەت دەردەکەوێت بەرانبەر بەژن و دەیەوێت وەک باب و باپیران و عەشـیرەتەکەی خۆی بێت و لە تۆڵەی ئەوەی خۆشەویستەکەی ئەوی جێهێشتوەو دەیەوێت کاتژمێری کامەرانییەکەی بوەستێنێ، ئەڵقەی دەسـگیرانەتی بە خۆشـەویسـتەکەی جارانی فڕێ بدا و نامەی بەختی بسـوتێنێ، کام شـەوی گەش و ڕوناکە ئەو



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper17

شەوە پف لە چراکەی بکا، ئینجا یەک بە یەک ڕاز و نهێنییەکانی سەردەمی دڵداری و جێژوانەکانی لێ هەڵداتەوەو ناوەرۆکی نامەکانیشی لێ ئاشکرا بکات....تد، بەڵام ئەوە واتای کۆتایی هۆنراوەکە نییە، ئەگەر کۆتایی هۆنراوەکە بوایە هەڵوێستی بەجۆرێکی دیکە دەبو بۆیە دەڵێت: ئەگەر ئەو شیعرە لێرەدا کۆتایی هاتبایە، فیمێنیستانیش بێدەنگ بوایەن، من لێم لە هەرا دەدا و دەمگوت پەکو! دەڵێی پیاوی عەشیرەتە چەندە کەم جیکڵدانەیە!...، بەڵام کۆتایی ئەوە کۆتایی هۆنراوەکەیە، کە پەیام و دەلالەتی ئەو پەڕی ڕوناکبیری و یەکسانخوازی پەشێوی شاعیر نیشاندەدات و پەشێو دەکات بەو مرۆڤە ڕوناکبیر و یەکسانخوازەی لە بازنەی تۆڵەسەندنەوەی دەباتە دەرەوەو ئاڵای خۆشەویستی لە بەرانبەر هەمو ئەم بیرکردنەوە عەشیرەتگەرایی و پیاوسالارییە بەرز دەکاتەوە هەمو ئەو نیازانە ئاوەژو دەکاتەوە، کە ڕق و تورەیی دەیانەوێت پێی ئەنجام بدەن "ئەگەر ئەو شیعرە لێرەدا کۆتایی هاتبایە، فیمێنیستانیش بێدەنگ بوایەن، من لێم لە هەرا دەدا و دەمگوت پەکو دەڵێی پیاوی عەشیرەتە چەندە کەم جیکڵدانەیە، بەڵام پەشێو لە بەشی دوەمی شیعرەکەیدا ئیتر ئاشقە. ئاشقە و ڕێز لە ئەشق و خۆشەویستی و تەنانەت ئازادیی هەڵبژاردن دەگرێ و دەڵێ: بەڵام چ بکەم! خۆشەویست.. نەهەنگێکە خوێنی هەڵچوم .. ئەخواتەوە خۆشەویستیت ڕوبارێکە قینی ڕەشم، ئەشواتەوە! ئیتر پەشێو ناڵێ تۆ بێوەفا بوی و ناخۆشم دەوێی و وا دەکەم. بەڵکو دەڵێ، ئەگەر من پیاوێکی ڕەسەن و ئاسایی نیشتمانەکەی خۆم بوایەم و وەک باب و باپیرانم بیر کردبایەتەوە ئاوام دەکرد (بەشی یەکەمی شیعرەکە) بەڵام نا، من تۆم خۆش ویستوەو ئێستاش هەر خۆشم دەوێی. خۆشم دەوێی و خۆشەویستیت ئەو ڕەگ و دەماری نەریتەی قرتاندوم. لێرەدا پێویستە بە پشتبەستن بەو شتانەی گوتراون، تیشک بخەینە سەر ئەو بەشەی کە نەگوتراوە. ئاخر شیعر هەمیشە قوڵاییەکەی لەو بەشەدایە کە نەگوتراوە و چاوی وردبینی دەوێ لە بن توێژی گوتراوەکەدا وەیدۆزێ و چێژی لێ وەرگرێ...لێرەدا شاعیر لە دڵی خۆیدا هەست بەوە دەکا کە ئەگەر بیەوێ نەکەوێتە بەر تەوس و توانجی کۆمەڵگە عەشایری و نەریتییەکەی خۆی دەبێ ئەو بەشانە جێبەجێ بکا کە لە سەرەتاوە تا ئەو دواکۆپلەیەی کۆتایی باسی کردوە، بەڵام شاعیر ئاشقە و "ئاشق" چ باکێکی لە لۆمەی عالەمە)! هەر بۆیە لە بن تاجی پادشایەتیی ئەو ئەشقەدا دادەنیشێ و گوێ ناداتە ئەوەی پیاوانی دەمارگرژ پێی دەڵێن: خۆشەویستەکەت ڕۆیشت و بەجێی هێشتی و هیچت نەکرد. بەڵکو ئەو مۆدێرنانە ڕادەپەڕێ و دەڵێ: تۆ ڕۆیشتوی، من تورە بوم، مردم و ژیامەوە بەڵام خۆشەویستیت خوێنی هەڵچو و قینی ڕەشم دەشواتەوەو هەر خۆشیشم دەوێی...." (سوڵتانی، ٢٠١٧، ١- ٢).

٦. (ئاشتی برایم ئەفەندی) لە وتارەکەیدا بەناوی (ژن و خۆشەویستی، "کام شەوت گەش و ڕوناکە، ئەو شەوی پف لە چراکەم") لە ڕاڤەکردنی هۆنراوەکەدا ئەوە دەخاتەڕو کە ئەم هۆنراوەیە، دەلالەت لە خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە دەکرێت، بەڵام بە ئاکام نەگەیشتنی ئەو خۆشەویستیە دەبێتە هۆی تورەبون و بێ هیوایی و تەنیایی و نواندنی هەڕەشە و گلەیی و گازاندە "لەو شیعرەدا هەستی مرۆیی جیاجیا بەدی دەکرێت لە وەسف کردنی هەستی خۆشەویستی پیاوێک بۆ ئەو ژنەی کە خۆشی دەوێت. لەو شیعرەدا هەمو جۆرەکانی هەستەکانی کە لە مرۆڤدا



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper17

هەیە ڕیزبەند کراوە، هەریەکەو بەگوێرەی حاڵەتە مرۆیەکەی کە شـــاعیرەکە خۆی تێیی کەوتوەو پیایدا ڕەت بوە، وەکو خۆشـەویستی ڕاسـتەقینە، ساتە خۆشـەکانی بەیەک گەیشـتن، تورەیی و سـارد بونەوە، بێ هیوایی، تەنیایی، ڕق، هەڕەشـە، ترس، پەشـیمان بونەوە، پەیمان نەبردنە سـەر، دڵ شـکاندن، لەدەست چون، گلەی و گازاندە، تۆڵە، دابڕان و تلانەوە بەدەست هەستێکەوە کە لەجەستەی لایەنەکیان هێشتا لە بەهاری تەمەنیەتی و نەمردوە خواستی بەردەوام بونی تیاییدا ماوە" (ئەفەندی، ٢٠١٩، ٢).

هەر لە خوێندنەوەو ڕاڤەکاری هۆنراوەکەدا نوسـەر ئاماژە بە بونی پەیوەندییەکی پاک و ڕاسـتەقینە دەدات لە ژێر چەتری کۆمەڵگەی پڕ لە سـانسـۆر، بۆیە خۆشـەویسـتی لە کەلتورێکی ئاوادا دەبێ بە نهێنی و دور لە چاوی کۆمەڵگەدا ئەنجامبدرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شاهید و گەواهیدەر لەم نێوانەدا دارتەلەکانی سەرشەقام و ئەوانەن کە هێنەری نامەکان بون. ئەم خوێنەرە لە ڕوانینێکی سـۆسـیۆلۆژییانەی داب و نەریت داخراوەوە خوێندنەوەی بۆ هۆنراوەکە کردوەو هەڵچونەکانی شـاعیر ناخاتە ئەسـتۆی شـاعیرەوە، بەڵکو دەیخاتە ئەسـتۆی کۆمەڵگایەک، کە خۆشـەویستی تیایدا قەدەغەیە و کوشتن تیایدا ئاسایی و سەرداره "لەو شیعرەدا، پەیوەندییەکی پاک پیشاندەدات، کە بە دزیوە پەیرەوکراوە لە نێوان دو مرۆڤدا. جگە لە بەبیرهێنانەوەی مێژوی ئەو پەیوەندییە، گرتنی شـایەد لە بونی پەیوەندییەکی بەهێزی خۆشـەویستی، لە هەمان کاتدا شـاعیر توانیویەتی سـەرکەوتوبێت لە دەرخسـتنی دابو نەریتە کۆمەڵایەتییە دواکەوتوەکاندا، کە ڕێگر بوە لە پراکتیزکردنی ئەو هەسـتە بە ئازادی، شـکاندنی تامەزۆریی ویستە مرۆیەکان لە نێوانیاندا، کە ئەمە لوتکەی دواکەوتنی کۆمەڵگا پێشاندەدات، کارەساتێکی ئێجگار مەزنە لە نێو کۆمەڵگایەکدا، کە مرۆڤ کوشتن لە هەمو سەردەمێکدا بە ئاشکرا بوە، بەڵام بە پێچەوانەوە خۆشەویستی قەدەغەیە و تاوانە، دەبێت بەدزیوە بێت، ئەمە بە ڕونی دیارە کاتێک شـاعیر دەڵێت : گەواهی دەدەن لەسـەرت دارتێلەکانی سەر شەقام، گەواهی دەدەن ئەوانەی نامەی تۆیان بۆ دەهێنام (پەشێو، ٢٠١٤،١٨٤).

ئەم وەرگرە بە پێچەوانەی هەندێ خویندنەوەو ڕەخنەی فیمینیزمیانەوە پەیوەندی و خۆشـەویسـتی نێو هۆنراوەکە بە قۆناغی زێڕین وەسـف دەکات و دوای بەیەکنەگەیشـتن و دابڕان و بۆ یەکنەبونیش کاتێک شـاعیر پەنا دەباتەوە بەر وەبیرهێنانەوەی یادگارییەکان بە سـەرزەنشـتکردن نایبینێت، بەڵکو بەجوانترین شـت ناویان دەبات، چونکە یادگارییەکان یادگاری سـادەی نێوان دو کاراکتەرن، کە هەمان ئاسـتی ژیانیان هەیە. ئەم وەرگرە، ئەگەرچی لە ڕەگەزی مێیە و هۆنراوەکەش بە خوێنـدنەوەی هەنـدێ خوێنەر و وەرگری فیمینیزمی وا دەخوێنـدرێتەوە، کە هێرشکردنە بۆ سەر ڕەگەزی ژن و هەوڵدانە بۆ بێبەشکردنی ژن لە خۆشاوی شـەوی پەردەدا، بـەڵام خوێنەر لەبەر فراوانی ئاستی تێگەیشتن و بیرفراوانی و تێگەیشتنی تەواو لە هۆنراوەکە و خوێندنەوەی کۆمەڵگەی کوردی ئاماژە بەو ڕاسـتییە دەکات، کە ئەم هۆنراوەیە دەربڕینی واقیعێکی تاڵی کۆمەڵگای کوردەوارییە، دەنا ئەو شـیعرە تابلۆییەکی ڕەنگاوڕەنگە، پڕییەتی لەو هەستانەی کە لە هەمو مرۆڤێکدا بونی هەیە. ئەو شیعرە هیچ توانجێکی تیادا بەدی ناکرێت بۆ لێدانی ڕەگەزی مێینە بۆیە دەڵێت: "زۆرن ئەو ژنانەی کە لە کۆمەڵگایی ئێمەدا باجی زۆر مەزنیان



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper17

داوە لە ئەنجامی بەستنی پەیوەندیی لەگەڵ پیاوێکدا کە خۆشیان ویستوە، پیاوەکە ئەو پەیوەندییەی وەکو چەکێک بەکارهێناوە دژی ژنەکە کە لە کۆتاییدا زانیوییەتی ئەو ژنە لەبەر هەر هۆیەک بێت بۆ ئەو نابێت. ئەو ڕاستییە کە بونی هەییە لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا لە شیعری "لەدەستم دێت" بە ڕونی دیارە. کە ئەمە جگە لەوەی کە تەنیا شیعرێک بێت، بەڵکو دەربڕینی واقیعێکی تاڵی کۆمەڵگای کوردەوارییە، کە لە ژێر کۆنترۆلی نە ژنەکە نە پیاوەکەدا بوە. لەدەرئەنجامدا، ئەو شیعرە بۆ ژنێک نوسراوە نەوەکو بۆ میللەتێک، بەڵام شاعیر ڕەزیلی نەکردوە لە بەشداری پێکردنی میللەتی کورد، لەو ئەزمونە تاڵ و پڕ ئازارەی کە لە ژیانیدا پیایدا ڕەت بوە. ئەو شیعرە تابلۆییەکی ڕەنگاو ڕەنگە، پڕییەتی لەو هەستانەی کە لە هەمو مرۆڤێکدا بونی هەیە. ئەو شیعرە هیچ توانجێکی تیادا بەدی ناکرێت بۆ لێدانی ڕەگەزی مێینە، یان کۆسپێک بێت لە بەردەم بزونتەوەی فیمینیزم. ئەو شیعرە تەنیا دەربڕینی ئازاری پیاوێکە بۆ ژنێک کە چۆن گڕی گرتوە. لە کۆتایشدا هۆنراوەکەی بە هەستێکی جوان دەردەبرێت کە هێشتا لای ماوە بەرامبەر بە ژنەکە و دەڵێت: خۆشەویستیت – نەهەنگێکە، خوێنی هەڵچوم دەخواتەوە...خۆشەویستیت – ڕوبارێکە، قینی ڕەشم دەشواتەوە! ژنێکی خۆش بەختە، کە ئەو شیعرە گرنگەی بۆ نوسراوەو و چیرۆکی خۆشەویستییەکەی چۆتە نێو پەڕەکانی مێژووەوە." (ئەفەندی، ٢٠١٩، ٢).

ئەوەی بەلای ئێمەوە ڕونە ئەم هۆنراوەیە دەربڕینی هەستی تۆران و تورەیی ناخی شاعیرە لە بارودۆخێکدا، کە دوای چوار ساڵ پێکەوە بون خۆشەویستەکەی نێو هۆنراوەکە پەیمانشکێن دەردەچێت دەرئەنجامی ئەوەش هۆنراوەکەی هێناوەتە ئاراوە، بەڵام پەشێوی شاعیر ئەم تورەبون و هەڵچونەی لە گوفتارێکی شیعریدا ناگەیەنێتە ئاستی کردار، هەر بۆیە ئەگەر بە تێڕامانی وردەوە لە پەیامی هۆنراوەکە بڕوانین و کاریگەری هۆنراوەکە لەسەر خوێنەر ڕونبکەینەوە بەتایبەتی لەسەر باری دەرونی ئەو ئەویندارانەی دوچاری بارودۆخێکی وەها دەبنەوە ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە، کە پەشێو لە بەرانبەر بارودۆخی لەمجۆرەدا ویستی تۆڵەسەندنەوە لە لای پیاوی کورد دەکوژێت بەو واتایەی بە ناڕاستەوخۆ لە ستاتیکای هۆنراوەکەوە بە پیاوی کورد دەڵێت: ئەگەر چوار ساڵ لە پەیوەندی و پەیمانبەستن و خۆشەویستی ڕاستەقینەدابویت ئێستا خۆشەویستەکەت ئەڵقەی هاوژینی لەگەڵ کەسێکی دیکەدا گۆڕیوەتەوەو تۆش لە دەستت دێت بە دو وشە دڵی زاوای نوستوی ڕەشبکەیت و ئەو ئەڵقەیەی پێ فڕێ بدەیت و نامەی بەختی بسوتێنی و کام شەوی گەش و ڕوناکە ئەو شەوە فو لە چرا بکەیت بۆ ئەمەش چەکت بەدەستە و چەکی دەستیشت، بەڵگەیە بەڵگەی چوار ساڵ پێکەوەبون، تەنانەت دار تەلەکانی سەر شەقامەکانیش شاهیدی ئەم جێژوان و عەشق و ئەڤینەن و لە تواناتدا هەیە تۆڵە بکەیتەوە، ئەوا هەرگیز نەکەی ئەم کارە بکەیت لەبری هەمو ئەوانە بە ئەویندارە ڕۆیشتوەکەت بڵێ: من چیبکەم! ئاخر خۆشەویستیت نەهەنگێکە خوێنی هەڵچوم دەخواتەوە، خۆشەویستیت ڕوبارێکە قینی ڕەشم دەشواتەوە، بۆ ئەوەی ئەو سەرەڕای ئەو تاوانەش، کە لەبەرانبەر تۆدا ئەنجامیداوە بە ئاسودەیی ژیان بەسەر بەبات هەست بکات لێبوردەیی بەرانبەر دەنوێنێ، کە ڕێز لە ژن دەگرێت نەوەک وەک پیاوێک، کە هێشتا لە ژێر دەواری دابونەریت و ڕاهاتو بە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper17

تۆڵەســــەندنەوە بیر دەکاتەوەو لای وایە ئەگەر لە ژێر هەر پاســــاو و بەهانەیەک بێت، تەنانەت ئەگەر لە دەرەوەی ئیرادەو توانای خۆشــی دابوبێت و ناچار کرابێت پیاوی نێو خەونەکانی بەجێبهێڵێت و لەگەڵ کەسـێکی دیکەدا ژیانی هاوژینی هەڵبژێرێت. لەمەوە دەردەکەوێت، کە ســــیحری ئەو تۆڵە ســــەندنەوەیەی لە چرکەســــاتی تورەبوندا سـەریهەڵداوە لە ناخی شـاعیردا، بە سـیحری خۆشـەویسـتی بەتاڵ دەبێتەوە کاتێک خۆشـەویسـتی ببێتە نەهەنگ و ئەو خوێنە هەڵچوە بخواتەوەو هەر بەوەش نەوەستێ، بەڵکو ببێتە ڕوبارێک تا قینی ڕەشی ناخی شاعیر بشواتەوە. وەک ڕونیشــــە خوێنی مرۆڤ هەرچەند هەڵبچێت و لە کەف و کوڵی تورەیی دابێت لە بەرانبەر نەهەنگێگدا، کە توانای خواردنەوەی ئەو خوێنەی هەبێت بێ بەها دەبێت، چ جای ئەوەی ئەو نەهەنگە نەهەنگێکی ئاســــایی نەبێت، بەڵکو نەهەنگی خۆشـەویسـتی بێت، واتا خۆشـەویسـتی خۆی بوبێتە ئەو نەهەنگە و ئەو خوێنە هەڵچوە بخواتەوە! لەوەش جوانتر، کە پەشێوی شاعیر دەریدەبڕێت شوشتنەوەی قینی ڕەشی ناخی پیاوە، بەڵام بەچەند دڵۆپە ئاوێک و چەند مشـتە ئاوێک نا، بەڵکو بە ڕوبارێک لە ئاو ئەو ڕوبارەش ڕوباری خۆشـەویسـتی بێت، ئیتر چۆن ئەم قینە ڕەشــــە لە بەرانبەر ڕوبارێک ئاودا، کە وێنەیەکی جوڵاو و بەردەوامی ڕۆیشــــتنی ئاومان بۆ دێنێتە بەرچاو خۆی دەگرێت و پاک پاک نابێتەوە!.

## ئەنجامەکان:

١. وتارەکەی (ڕۆزە حوسـێن) وەک فیمینسـتێک تاکە وتاری ڕەخنەییە، کە دژ بە دەقەکە نوسـیویەتی و ئاسـۆی چاوەڕوانی ئەو لەگەڵ دەقەکە زۆر دژ و پێچەوانە کەوتۆتەوە. بە پێچەوانەوە ئاســۆی چاوەڕوانی ئەم وەرگر و ڕەخنەگرانەی کەوا خوێنـدنەوەیـان بۆ ئەم هۆنراوەیە کردوە و لەم توێژینەوەیەدا خوێنـدنەوە بۆ شــــرۆڤە و ڕاڤەکارییەکانیان کراوە ئەم ڕاستییەمان بۆ ڕوندەکەنەوە، کەوا پەیامی ئەم دەقە لای ئەوان ئاسۆی چاوەڕوانی و پێشبینی ئەوانی هەڵنەگێڕاوەتەوە، هەر بۆیە نەک ناکەونە باری دژایەتی هۆنراوەکە، بــــەڵکو خوێندنەوەکانیشیان بـە ئامانجی پاڵپشتی و دەرخستنی حەقیقەتی خودی هۆنراوەکەیە بۆ خوێنەری هۆنراوەکە.

٢. لە نێو وەرگرە ڕەخنەگرەکاندا (ڕەسوڵی سوڵتانی) وەک وەرگرێکی ئاگادار لە تیۆرە نوێکانی ڕەخنەی ئەدەبی و ئاماژە بە تێگەیشــــتن و وەرگرتنی دەقی ئەدەبی دەکات بەپێی تیۆرە ڕەخنەییە نوێکانی وەک لایەنگرانی ڕاڤەی دەق و هێرمنۆتیکخوازەکان، ئاسۆی پێشبینی و فراوانی مەودای ڕوناکبیری دەکاتە پێوەری تێگەیشتن لە پەیامی دەقەکە، هەر بۆیە ئاســــۆی چاوەڕوانی و پێشــــبینی خۆی وا وێنادەکات، کە لەگەڵ ئیســــتاتیکای هۆنراوەکەدا یەکانگیر دەبێتەوەو پەشـێوی شـاعیریش بە شـاعیرێکی ڕوناکبیرێکی یەکسـانیخواز و پارێزەری مافەکانی ژن لە قەڵەم دەدات ئەمەش وەڵامی خودی ناونیشـانی وتارەکەی خۆیەتی، کە دەڵێت: (ئایە: پەشێو، شاعیرێکی دژە ژنە، یان ڕوناکبیرێکی یەکسانیخواز؟). کە لە بنەڕەتدا ئامانج لێی هەر وەڵامدانەوەی وتارەکەی (ڕۆزە حوسێن)ە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper17

٣. لە نێو ئەو وەرگرانەدا، دەردەکەوێت، کە تەنها (ئەنوەر عەباسی) لە سەرەتادا ئاسۆی چاوەڕوانی و تێگەیشتنی بۆ هۆنراوەکە بە پێچەوانەی پەیام و مەغزاکانی هۆنراوەکە بوە، کەچی هەر خۆی لە خوێندنەوەکەیدا کە بە پێی تیۆری دەرونشیکاری فرۆید و بە پێی لێکدانەوەکەشی ئەوە دەسەلمێنێ کە پەشێو لەو ململانێیە دەرونیەی لە نێوان (ئەو. من. منی باڵا)دا تێکەوتوە بەهۆی جێهێشتنی خۆشەویستەکەیەوە دواجار ناچێتە ژێر باری ویستەکانی (ئەو)، بەڵکو لە ژێر کاریگەری منی باڵادا هاوسەنگی بۆ توڕەبون و هەڵچونەکەی دەگێڕێتەوەو لە نێوان تۆڵە سەندنەوەو خۆشەویستیدا خۆشەویستی و لێبوردن هەڵدەبژێرێت.

٤. ئاسۆی چاوەڕوانی (ئاشتی برایم فەندی) وەکو خوێنەرێک لە ڕەگەزی مێ لە ئاست پەیام و دەلالەتی هۆنراوەکەدا تەباو هاوسۆزە، هۆنراوەکە بە پەیامێکی لەبار و گونجاو دەبینێت و تەنانەت ئەو ئافرەتەش بە بەختەوەر دەزانێت، کە پەشێو ئەو هۆنراوەیەی بۆ هۆنیوەتەوەو لەو ڕوانگەیەوە دەردەکەوێت، کە ئەگەرچی ئەم نوسەرە بە ڕەگەز مێیە، بەڵام وەک (ڕۆزە حوسێن) دەقەکەی وەرنەگرتوەو شیعرەکەش بە شیعرێکی دژە ژن و نواندنی توندوتیژی دژ بە ژن نابینێت و وەکو هەمو دەقە شیعرییەکانی دیکەی (عەبدوڵا پەشێو) بەدەقێک دەیبینێت کە دەربڕینی ئێش و ئازاری پیاوێکە بەرانبەر نەگەیشتن بەخۆشەویستەکەی.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper17

# Reading the poem (I'm capable of doing it) by (Abdulla Pashew) According to reader reception and response theory

**Sarkawt Omar Ibrahim[1] - Pakhshan Ali Ahmed[2] - Lanja Abdulrahman Gharib[3]**

[1+3]Kurdish Department, College of Education-Qaladza, University of Raparin, Rayna, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Kurdish Department, College of Primary Education, University of Sulaimani, Sulaimani Kurdistan Region, Iraq.

## Summary of Research:

Abdullah Pashew's poem (I'm capable of doing it) is one of the different poems of the poet, in which the story of four years of the poet's love relationship with the opposite sex is told. The poet's upheaval in the poem has led to different views and their reflection in various critical articles and research. From this point of view, according to the method of receiving and responding to the reader, we have tried to analyze some of the articles written about this text Some of these views and opinions expressed their opposition to the text and did not meet their expectations because they believed that it could not be disturbed within the framework of the message It is fiery and threatening to stand up to the love of women. On the other hand, another discourse and message emerges among some critics and readers of the text, which is coordinated with their intellectual acceptance and adaptation to the idea of the text and becomes satisfactory and welcome it They reject the charges against the poet.

**Keywords**: Criticism, Reception Theory, Text, Reader, Writer.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper17**

## سەرچاوەکان:


بەرزنجی، عەلی تاهیر، ٢٠٠٤، چەند توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی، لە بڵاوکردنەوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

بریسلێر، چارلز، ٢٠٠٢، ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی، و: عەبدولخالق یەعقوبی، چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس. هەولێر.

پاڵەوان، سەلاح حەسەن، ٢٠٠٢، داهێنان و مەرگ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

پەشێو، عەبدوڵا، ٢٠١٤، پشت لە نەوا و ڕو لە کرێوە، جاپی چوارەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، کوردستان.

خەلیل، ئیبراهیم مەحمود (د)، ٢٠١٧، ڕەخنەی ئەدەبی نوێ لە لاسـاییکردنەوەوە بۆ هەڵوەشـانگەرایی، و: د. محەمەد تاتانی، چاپخانەی کارۆ، کەرکوک.

زیما، پیرڤی، ٢٠٠٤، هەڵوەشاندنەوەگەرایی- لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی، و: ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل، چ ١، چاپخانەی ڕێبین. هەولێر.

ساڵح، تاریق، ٢٠٠١، شەوی یەڵدا- ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

ســـەجادی، بەختیار و مەحمودی، محەمەد، ٢٠٠٤، فەرهەنگی شـــیکارانەی زاراوەی ئەدەبی، کوردی- ئینگلیزی، ب١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

شەمس، سەعید، ٢٠١٩، تیۆریی کۆمەڵایەتی هاوچەرخ، چاپی یەکەم، چاپەمەنی مانگ، بانە.

عاڵلایی، زیاد نادر، ٢٠١٣، عەبدوڵلا پەشێو شاعیرێک لە ڕەگەزی سەربزێوی، خانەی ئەربیل بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، هەولێر.

عەزیز، شەرمین ئیبراهیم، ٢٠٠٦، پەشێو و تازەکردنەوە لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

قطوس، بەسام (د)، ٢٠١١، دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، و: د. محمد تاتانی، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

کالر. جاناتان، ٢٠٢١، تیۆریی ئەدەبی، وەرگێرانی: عەبدولخالق یەعقوبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، سلێمانی.

مەلازادە، ڕێبوار محمد(د)، ٢٠٢١، زانستی دەق لە ئەدەبدا، چاپی یەکەم، ناوەی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

وێبستێر، ڕاجێر، ٢٠٠٦، توێژینەوەی تیۆریی ئەدەبی، و: عەبدولخالق یەعقوبی، چ١، بڵاوکراوەی موکریانی، هەولێر.

ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد، ٢٠٠٦، ئەزمونی خوێندنەوە و چەند لاپەڕەیەکی مێژویی، چ١، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

یەعقوبی، عەبدولخالق، ٢٠٠٨، لە کولتورەوە بۆ ئەدەبیات، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

عارف، حەمە کەریم، ٢٠١٢، خوێندنەوەی خوێندنەوە، گۆڤاری نوسەر، ژمارە (٧)، سلێمانی.

محمد، ئاوات، ٢٠٠٠، تەرم لە نێوان مەرگ و دوبارە خوێندنەوەی دەقدا، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە (١٩)، سلێمانی.

میرزا، دلێر، ٢٠٠٠، ڕەخنەی ئەدەبی، دەقی ئەدەبی، دەسەلاتخوازی، گۆڤاری پەیڤین، ژمارە (٨)، سلێمانی.

شحید، جمال، ١٩٨٢، في البنوية التركيبية, دراسة في منهج لوسيان غولدمان, الطبعة الاولى, دار ابن رشيد, بيروت.

مرعي، فؤاد، ١٩٨٩، في العلاقة بين المبدع والنص والمتلقي، الطريق، العدد السادس, كانون الاول.

ئەفەندی. ئاشتی برایم، ٢٠١٩، ژن و خۆشەویستی، "کام شەوت گەش و ڕوناکە، ئەو شەوی پف لە چراکەم"، سایتی عەبدوڵلا پەشێو https://www.kurdistanpost.nu.




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper17

احمد، ڕەفعەت، ٢٠١٦، (ئایە پەشێو لە دەستی دێ توندو تیژی دژی ئافرەت بکات؟) http://skurd.net/index.php.

سوڵتانی، ڕەسول، ٢٠١٦، ڕۆژنامەی هەولێر/http://www.pashew.com/kurdish ١٠/٢٠١٩/

عەباسی، ئەنوەر، ٢٠١٦، ئەو شیعرانەی خۆشمدەوێن (٢)

https://www.rudaw.net/sorani/opinion/culture_and_literature/٠٥٠٩٢٠١٦.

حســـێن، ڕۆزە، ٢٠١٥، (نامەیەکی کراوە بۆ شـــاعیری ڕێزدار عەبدوڵا پەشـــێو ســـەبارەت بە شـــیعری "لە دەســـتم دێ")، https://www.facebook.com/



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper17